# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە

سالّی پێنجەم ژمارە(99) بەرواری 1-6-2021 | بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێكدا دەردەچێت




# پیرۆزبێت ڕۆژی جیهانی منالاّن!





## بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی منالاّنەوە هەریەك لەبەڕێزان سالار سۆفی و نزار گزالی بۆ بۆپێشەوە دەدوێن...ل11-12





## سەبارەت بە كێشەی فەلەستین و هێرشی ئەمجارەی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆسەر خەڵكی فەلەستین و غەزە بۆپێشەوە دیمانەیەكی لەگەڵ هاوڕێیان شەماڵ عەلی و مەحمود حەلاق دا سازداوە... دەقی دیمانەكان لە لاپەڕە 13-14 دەخوێننەوە...



## هاوڕێی كۆمۆنیست و خەباتكار سالاری ئاسنگەر بۆ هەمیشە ژیانئاوایی كرد... ل3

## لە وەڵامی پرسیارێكی ئۆكتۆبەردا دەربارەی قسەكانی نوێنەری نەتەوە یەككگرتووەكان لە عێراق، سەبارەت بە ئایندەی قەوارەی كوردستان...ل3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- یەكەم هەنگاوی دوای كۆنفرانسی یەكریزی و دەستور.........ل3
- كۆمۆنیستی كرێكاریی پشت و پەنای پەنابەران بووە............ل4
- ( بەرەلاّیی) لە سێ تێڕوانینەوە...................................ل4
- بەم نەخشە ڕێگایە كۆمەڵگەیەكی باشتر بەدی دێت............ل6
- بۆچی ئاتەئیست و ئینسان دۆستم.................................ل7
- سەرلێشێواوی دەسەلاّت و گاڵتەجاری هەڵبژاردن لە ئێران.....ل10


## وتەی ژمارە

# قەوارەی هەرێمی كوردستان... چۆنیەتی پێكهاتن و ئەزمون و ئاییندەكەی...

### عەبدولاّ مەحمود



قەوارەی هەرێمی كوردستان، بەرهەمی تێكشكانی توانایی سەربازی و ئەمنیەكانی رژێمی بەعس بوو لەڕێگای هێرشی سەربازی ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی بۆسەر عێراق. كە دواتر راپەرینی بەدوای خۆیدا هێنا. رژێمی بەعس دوای ڕاپەرین هەوڵیدا جارێكی تر لە ریگای بەكارهێنانی هێزی سەربازی و هاوكات بە هاوكاری هێزەكانی بەرەی كوردستانی بگەڕێتەوە كوردستان، بەلاّم خەڵكی كوردستان بە كەڵک وەرگرتن لە لاوازی هێزە سەبازییەكانی عێراق ڕێگەییان بە هێزەكانی نەدا بگەڕێتەوە و چەندین خۆپیشاندانی نارەزایەتیان، وەرێخست. دیارە ڕژێمی بەعس پێشتریش بەدرێژایی تەمەنی ٣٥ ساڵەی خۆی، نەیتوانیبوو، پایەی جەماوەری خۆی لەكوردستاندا دابكوتێت. خەڵكی كوردستان هەمیشە بەچاوی دوژمن سەیری بەعس و دام و دەزگا و پیاوەكانی بەعس و هاوكارەكانیان دەكرد. فرسەت هێنانی خەڵكی كوردستانیش بۆ راپەرین لەدژی، بەجیا لە هاندانی لەلایەن حزبە ناسیونالیستەكانی كوردستان و خۆشباوەییان بە ئەمریكا و غەرب، لەلایەكەوە بوونی تورییەكی قوڵ و پەنگخواردووی میژووی و لەلایەكی تریشەوە ژێر پا خالّی بوونی پایەی جەماوەری بەعس بوو لە كوردستاندا. رژێمی بەعس چ بەهۆی تێكشكانی تواناییە سەربازی و ئەمنیەكانی، لەلایەن ئەمریكا و غەرب و چ بەهۆی بەردەوامی ڕاپەرینەوە ناچار بەوەبوو دام و دەزگا ئیداری و ئەمنی و سەربازییەكانی لە ئابی ١٩٩١ بەتەواوەتی لە كوردستان بكێشێتەوە. كشانەوەی بەعس لە كوردستان ناچاری بوو، بەعس توانای كۆنترۆڵی لەدەستدابوو، ئەمە بواری دا كە حزبەكانی بزوتنەوەی كوردایەتی، بەتایبەتیش پارتی و یەكێتی كە خۆیان وەكو بەشێک لەهێزی یەدەگی

بۆ لاپەڕە 2

ل8-9 گۆشەی ئەدەب و هونەر



ل 7



؟ پرسی ژن

## درێژەی وتەی ژمارە

ئەمریکا و غەرب دەزانی، کەڵک لەو بۆشاییە سیاسی و سەربازی و ئەمنی و ئیدارییە وەربگرن و بەدوای خەونی لە مێژینەیانەوە بکەون، کە بەشدار بوونە لەدەسەڵاتی ناوەندیدا.

ئەم دۆخە و داروخانی رژێمی بەعس، وەرچەرخانێکی زۆر گەورەی نەتەنها لە ئاستی عیراقدا، بەڵکو لەتەواوی ناوچەکەدا بەدوای خۆیدا هێنا. رژێمی بەعس وەکو یەکێک لە هارترین رژێمەکانی ناوچەو دنیا، وەکو یەکێک لە بەهێزترین و کاریگەرترین رژێم لە ئاستی ناوچەکەدا، وەکو رەمزی ناسیونالیزمی میلتانتی عەرەب، بووە هێزێکی لاواز و لاکەوتە و تەریک و داروخاو. ئەمە مایەو حساباتی سەرجەم وڵاتانی ناوچەکەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی گۆڕی. گوڕی دایە لاوازەکان. مردوەکان سەریان بەرزکردەوە. جێ و شوینی بۆ کرێگرتەکان خۆشکرد. نەیارەکانی شاگەشکەکرد. تۆڵە بووە لۆژیکی رۆژ… عێراق بووە سەنتێزو سەنتەری ململانێی زلهێزەکانی دنیا، گۆرەپان عێراقەو پەیامەکان جیهانداگر… جەنگ و ململانێی لە عێراقەو پەیامەکانی نەزمی نوێ رووی لە چوار گۆشەی دنیادایە.

لە چوارچێوەی ئەو هەلومەرجە جەنگی و کۆنەپەرستانەیدا، کە عێراق کرابووە مەیدانێکی یەکلایی کردنەوەی کێشەکانی دنیای سەرمایەداری و ئەزمەکان و دەروازەیەک بۆ دوبارە پێناسەکردنەوەی هەژموون و باڵادەستی ئەمریکا بەسەر دنیای دوای شکستی بلۆکی بۆرژوازی شەرقیدا، عێراق توشی شەق بوون هات و هەرێمی کوردستانیش بێ خاوەن مایەوە و بۆشایەکی سیاسی و ئیداری و ئەمنی پێکهات، دواتریش بەهۆی ئاوارەیی ملیۆنی خەڵکی کوردستانیشەوە، بریاری ٦٨٨ ئەنجومەنی ئاسایش پەسەندکراو کوردستان وەکو ناوچەیەکی ئەمنی" ناوچەی دژە فرێن" ناسێنرا… ئەم بریارەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کێشەی سیاسی خەڵکی کوردستانی هێنایە خوارەوە بۆ پرسی ئاوارەکان، ئەمەش ناسنامەی حقوقی خەڵکی کوردستان و جغرافیای سیاسی کوردستان، ون و بێ ناونیشان کرد. کوردستان نە وەکو بەشێک لە عێراق نە وەکو وڵات و دەوڵەتێکی نوێش رەسمیەتی پێنەدرا، ئەمە کوردستانی کردە ئۆردوگایەکی لەچاوەڕوان ڕاگیراو، و خەڵکەکەشی بۆ بەڕیوەچوونی ژیان و گوزەرانیان چاو لەدەستی کۆمەک و هاوکاری یوئین و ریکخراوە ئینساندۆستە نێودەوڵەتیەکان کران. بەکردەوە کوردستان بووە گۆرەپانێکی سەرگەردان و راگرتنی لە گێژاوێکدا کە وینەی لە دنیادا دەگمەنن. ئەمە چۆنیەتی قەوارەگرتنی هەرێمی کوردستان بوو. ئەم قەوارەیە یان ئەزموونە… دوورو نزیک بەرهەمی شۆرش و خەباتی جەماوەری نەبوو، بەرهەمی تێکچوونی باڵانسی هێزی نێوان شۆرش و دژە شۆرش نەبوو، حاسڵی سەرکەوتنی بزوتنەوەی ئازادیخوازانەو شۆرشگێرانە بەسەر رژێمی بەعس و کۆنەپەرستی و جەنگخوازی ئەو سەردەمەدا نەبوو، تەنانەت بەرهەمی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردو شەرێ چەکدارانە نەبوو… بەڵکو بەرهەمی یەکێک لە دەورانە رەشەکانی سەرمایەداری و جەنگ و داسەپاندنی ملهوری و هەژموونی ئەمریکا و غەرب بوو بۆ بنیات نانی" نەزمی نوێ" دنیا.

ئەمریکا و غەرب قەوارەی هەرێمیان رادەستی پارتی و یەکێتی کرد، کە خۆیان بەشێک بوون لە هێزی ئەو برگە رەشە مێژوویەی سەرمایەداری… پارتی و یەکێتی یەکەمین هەنگاوەکانی دەستبەکاربوونیان لە قەوارەی هەرێمدا، لەدرێژەی ئەو هەلومەرجە رەشەدا بە ڕەشی دەستپێکرد. خۆپێناسەکردنیان لە شاردا، بە سەرکوت و کوشتنی فەزای ئاوەڵای سیاسی و پەراوێزەکانی ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکان دەستپیکرد. هێرش بۆسەر شوراکان و رابەرانی کرێکاریی و کوشتنی بەنەخشەی ژنان و لەبەین بردنی ئەو جوڵانەوانەی لەدڵی کەشی ئەوکاتەدا پێیان گرتبوو، لەگەڵ دەستکردن بە دزی و تاڵانی دام و دەزگا حکومیەکان و تاڵانی بەنداوەکان و ممتەلەتەکانی رژێمی پێشووی دائیرەکان و دەست بەسەراگرتنی ماڵ و موڵکی حکومەتی پیشوو بۆ خۆیان، سازدانەوەی هیزی چەکداری حزبیان… لەگەڵ خۆ هاویشتنە باوەشی وڵاتانی ناوچەکەو تیرۆری پەنابەران و هەلسوراوانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی و تورکیا… گۆشە بەگۆشەی یەکەمین خۆ دەرخستنی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، بەتایبەتیش پارتی و یەکێتی بوو.

پاشانیش بۆ رەوایەتی بەخشینی فەرمی بەدەسەڵاتیان، لەساڵی ١٩٩٢ دەستیان برد بۆ هەڵبژاردن و پێکهێنانی حکومەت و پەرلەمان. حکومەت و پەرلەمان بۆ جغرافیایەکی بێ ناو نیشان، بۆ قەوارەیەکی بێناسنامەی حقوقی و بۆ هەڵواسراوی دۆخی سیاسی… خۆی کاریکاتۆرێکی نوێ و تەیرێکی عەنتیکەی سیاسی و نا ئاسایی و نایاسایی بوو. دەستبردنی پارتی و یەکێتی بۆ هەڵبژاردن و پێکهێنانی حکومەت و پەرلەمان، فیچقەی بە خۆشباوەی خەڵک کرد و هەواو هەوەسی بەتەواوەتی جوڵاندن و وەکو بەدیهاتنی خەونێکی گەورەو لە میژینە لێیان دەڕوانی. دیارە خێڵی نووسەری بۆرژوازی کورد و رۆڵیکی زۆر گەوەرەیان لە خۆشباوەرکردنی خەڵکی کورستان بە حکومەت و پەرلەمان و بە پارتی و یەکێتی و دەسەڵاتی خۆوەڵاتی کرد، تا ئەو رادەیەی کە ئەگەر حزب و رێکخراو و گروپێک، بەرهەڵستی ئەو هاش و هوشەی هەڵبژاردن و درۆی حکومەت سازییەی کردبا، بەر لە حەربەی دەسەڵات، دەکەوتە بەردەم غەزەبی خەڵکی خۆشباوەرکراو. بەڵی قەوارەی هەرێمی کوردستان ئاوا پێکهات. ئەو نووسەرانەی بۆرژوازی کورد کە ئێستا خۆیان وەکو ئەندازیاری وەرخستنی نارەزایەتی جەماوەری و میدیای ئازاد و خەت بەخشین بە رێرەوێکی تر بەدژی دەسەڵات، هەڵدەواسن، بەشێکی سەرەکی لە دروستکردنی پارچەکانی ئەو ماشین و مەکینە حزبییە میلیشیاییەی پارتی و یەکێتی و دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد بوون. دیدو خوێندنەوەی ئەم ریزە لە نووسەر وە نوخبەی سیاسی بۆرژوازی کورد، کەمتر لە رۆڵی چەواشەکارانەی راستەوخۆی پارتی و یەکێتی و کویلە قەڵەم فرۆشەکانیان، نەبوو.

هەر ئەم حکومەت و پەرلەمانەی حەقی فەرمانرەوایی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا نەبوو، هێزی حزب و میلیشیاکانی حزبی کردە، میحوەر و حکومەت و پەرلەمانیشی وەکو دوو دەزگای بێ رۆڵ و کارتۆنی کردە موچەخۆری حزب، بۆ رەوایەتی بەخشین بە دەسەڵاتی میلیشیایی. هەر زووش شەری ناوخۆیی… شەری دەسەڵات چەغماغەی داو بۆ ماوەی چوار ساڵ ماشینی شەری دەسەڵات، گیانی هەزاران ئینسانی هەڵلوشی و بەهەزارانیشی کەم ئەندام و بە هەزارانیشی ون و بێ سەروشوێن کرد. ئەم جەنگە ماهیەتی بەعس ئاسایی حزبە بۆرژوازییە کوردیەکانی دڵ رەقتر نمایش کردەوە، وە نیشانیدا رۆڵەی بەئەمەکی بەعس و هیزە فاشیست و نازییەکانی ناو میژوون. ئەگەر پارتی و یەکێتی چەکی کیمیایی و ئەتۆمیان لەبەردەست بوایە ئامادەبوون لەو جەنگەی دەسەڵاتدا بەکاری بهێنن. رفاندن، تیرۆری نەیاران، کوشتنی دیل، بەکۆمەڵ ژێر خاک خستن، ونکردنی چارەنووسی هەزاران دیل و تەنانەت گۆڕ و گڵکۆکانیان… باشترین بەڵگەی ئەو راستیەن کە ئەم دەسەڵاتە… بایی سەرە دەرزیەک ئینسانیەت، ویژدان زیندویی لە قەلبیدا نییە. وە بۆ سەرکەوتنیان لەشەردا هەر لایەکیان خۆی گرێدا بە وڵاتێکی چنگ بەخوێنی ناوچەکە و لەو کاتەشەوە بوون بە نۆکەر پیشەی حیرفەیی.

لەو کاتەوە کە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، بەهۆی جەنگی کۆنەپەرستانەی کەنداوەوە دەسەڵاتی پێبڕا، تاکە دەنگ و بزوتنەوە کە مەترسی بۆرژوازی کورد و دەسەڵاتەکەی و پەیامی سیاسییەکەی ناوەرۆکە دژی ئینسانی کۆنەپەرستیەکەی خستە ڕوو، بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی و بەدیاریکراوی کۆمۆنیزمی کرێکاریی بوو… هەر لەو کاتەشەوە کۆمۆنیزمی کرێکاریی و بەتایبەتی مەنسور حیکمەت، لە وتارێکدا لە ژێر ناوی" لەپێناوی داکوکیکردن لە خواستی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق دا… رایگەیاند کە ئەم قەوارەیە ناتوانێت ئاوا بمێنێتەوەو دەڵێت "ئەم هەلومەرجە هەروا نامێنێتەوە. ئەمە هەمووان دەیزانن. کوردستانی عێراق دەبێ بگەڕێتەوە بۆ قەوارەی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی خاوەن هەڵسووکەوتی ئابووری و سیاسی و سەرخانێکی حوقووقیی پێناسەکراو، وەکوو بەشێک لە وڵاتی عێراق، یان وەکوو وڵاتێکی سەربەخۆ"
دیارە تا بە ئێستا دەگات… سەرباری بوونی فیدرالیزمی قەومی، کوردستان نە بۆتەوە بەبەشیک لە عێراق و نەبووە بە وڵاتێکی سەربەخۆش. بۆیە سەرباری هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ماوەی ٢٦ ساڵی رابردوودا رویان داوە… هێشتا چارەنووس و ئایندەی سیاسی کوردستان یەکلایی نەبۆتەوە و دەتوانین بڵێین بە هەڵواسراوی ماوەتەوە. وتەی نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان لە عێراق لە کۆنفرانسی یەکریزی و دەستور… کە وتی قەوارەی هەریمی کوردستان ئاوا نامێنێتەوە… نە تازەیەو نە هیچ دۆزینەوەیەکی نوێییە…

**ئایندەی سیاسی کوردستان و بەرەو کوێ و کام ڕیگاچارە… دەبێتە بەشی دووەمی ئەم وتارە..**


**قەوارەی هەرێمی کوردستان بەرهەمی یەکێك لە دەورانە رەشەکانی سەرمایەداری و جەنگ و داسەپاندنی ملهوری و هەژموونی ئەمریکا و غەرب بوو بۆ بنیات نانی" نەزمی نوێ" دنیا…**



**بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە فۆرمە گشتی و ناڕێکخراوەکەیدا ئەگەر بتوانێت دەسەڵاتیش رابماڵێت، بەڵام ناتوانێت کاری خۆی لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی یەکلابکاتەوە،**

# هاوڕێی کۆمۆنیست و خەباتکار سالاری ئاسنگەر بۆ هەمیشە چاوەکانی لێکنا و ژیانئاوایی کرد!

بەرواری ٢٣ی ئەم مانگە هاورێ سالار جەبار، ناسراو بە سالاری ئاسنگەر بەهۆی جەڵتەی دڵەوە بۆ هەمیشە چاوەکانی لێکنا.



هاورێ سالار سیماو ڕوخسارێکی خۆشەویست، کۆمۆنیستێکی پەیگیر، کادرێکی ماندونەناس، تێکۆشەرێکی بزوتنەوەی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان بوو، کە هەموو تەمەنی خۆی لەپێناو ژیانێکی باشتر بۆ ڕزگاری بێبەشان تەرخان کرد.

هاورێ سالار بەجیا لەوەی کادری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی و ئەندامێکی چالاک و ماندونەناسی کۆمیتەی سلێمانی بوو، هاوکات خەباتکارێکی نەسرەوتووی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە رادیکاڵەکان بوو. نەخشی هاورێ سالار لە کاری حزبی و جەماوەریدا هێندە بەرجەستە بوو، کە کەم بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری هەبووە رۆڵی تیا نەگێرابێ□ لە بزوتنەوە و ئاکسیۆنە ئایارییەکانەوە تا دەگاتە بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و هەشتی مارسەکان، تا دەگات بەکاری خۆبەخشانە و ئینساندۆستی لەگەڵ تورەکانی هاوکاری کۆمەڵایەتی هێشتا ئەو لافیتانە دەشەکێنەوە کە هاورێ سالار بەبۆنەی یەکی ئایارەوە هەڵیدەواسین و سیمای شارو بەردەم کارگەکانی پێ دەرازاندەوە، کە خواستەکانی چینی کرێکاری لەسەر بەیان کرابوو□ هێشتا کرێکارانی کارگەکان چاوەڕوانن سالار بەشورو شەوقەوە ژمارەی نوێی دەنگی کرێکاریان بەدەست بگەیەنێت□ بەڵی سالاری ئاسنگەر هەمیشە ئامادە و بەئومێدەوە بێ وەستان، تێدەکۆشا تا هەرچی زوتر کۆتایی بە زوڵم و بێمافی چینی کریکار و بێبەشان بێت و کۆمەڵگەیەکی خاڵی لەچەوساندنەوە و نابەرابەری و هەڵاواردن و بێمافی و دابمەرزێت□ هەر ئەو رۆڵ و تێکۆشانە بەردەوامە ئەوی کردبووە، سیماو ڕوخسارێکی خۆشەویست و جێگا متمانە.

ماڵئاوایی ئەو هاورێ تێکۆشەرە، خەسارەتێکی گەورەیە بۆسەرجەم بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی□ ئێمە وەکو ستافی بڵاوکراوەی بۆپێشەوە بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی خۆمان لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی، کۆمیتەی سلێمانی و سەرجەم هاورێیانی لەبزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی و بزوتنەوە نارەزایەتییە جەماوەرییەکان و لە خێزان و سەرجەم خانەوادەو هاورێ و دۆستانی دەکەین، خۆمان بە هاوبەش لە خەمیاندا دەزانین.

بەرزو بەرێز بێت یادی خەباتکارانەی هاورێ سالار و سەرجەم تێکۆشەرانی رێگای بنیاتنانی دنیایەکی باشتر..

**بۆپێشەوە**

**٢٣/٥/٢٠٢١**

# یەکەم هەنگاوی دوای کۆنفراسی یەکریزی و دەستور...

## نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

هەمووی چەند رۆژێک بەسەر کۆنفراسی یەکریزی و دەستوردا تێنەپەڕیووە، کە تیایدا سەرانی یەکەمی حزبەکان و لە پێشیانەوە یەکێتی و پارتی، بە حەماسەتەوە پێداگریان لەسەر گرنگی یەکریزی دەکرد و بەڵێنیان دەدا کە هەوڵ دەدەن ریزەکانیان یەکخەن و رووبەرووی هەرەشەکان ببنەوە. بەڵێنیان دەدا کە" ناو ماڵی کورد" رێکدەخەنەوە... دیارە مەبەست لە ناوماڵی کورد، هاوئاهەنگکردنەوەی ریزەکانی بۆرژوازی کوردە. هەر لەم کۆنفرانسەدا سەرجەم حزبەکان گوێ بیستی ئاگادارکردنەوەکەی نوینەری ریکخراوە یەکگرتوەکان لە عێراق بوون کە وتی دۆخی هەرێم بەم شێوە تاسەر نامێنێتەوە... لەوانەش واوەتر چەند سالێکە پێگەی بزوتنەوەی کوردایەتی و دەسەڵاتیان تادێت بەرەو لاوازی و دەروات و بریاری سیاسیان لەدەستدا کورت دەکرێتەوە، دەسەڵاتەکانیان سنوردار دەکرێت، تادێت پابەندتر دەکرێن بە ویستی بەغدا و دەسەڵاتی ناوەندیەوە. ئەمنیەتی سنورەکان، داهاتی ناوخۆی کوردستان، چۆنیەتی فرۆشتنی نەوت، کۆنترۆڵی خاڵە سنورەکان، فرۆکەخانەکان، پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان... لەژێر هەیمەنەی پارتی و یەکێتی و دەسەڵاتی سیاسی هەرێم دەردەکیشرێن و دەستیان لە کۆنترۆڵکردنیان شل دەکرێت. هەموو ئەمانە مەبنای ئاگاداکردنەوەکەی نوینەری ریکخراوەی نەتەوەیەکگرتوەکان بوو. کەچی ستراکتۆری دەسەڵاتی هەرێم و فەلسەفەی مانەوەی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی، چونکە لەسەر پایەی دزی و تاڵانیەکی ئاشکرای حزبی و بنەماڵەیی و پشت بەستو بەسەرکوت و فریوکاری بیناکراوە، ناتوانن ئەو بازنەیە تێپەڕینن و دەروازەی نەجات لەو بنبەستەی یەخەگیریان بووە بدۆزنەوە. ئەو کاتەی باسی یەکریزی دەکەن، کەناڵەکانی لێکترازان لەپێناو مانەوەی دەسەڵات و راگرتنی باڵانسی هێزیاندا، کەنالیزەتر دەکەن. ئەوکاتەی باسی یەککستنی ئیدارەکان دەکەن، بەکردەوە هەنگاو بۆ بەرینوونەوەی جیاوازی زۆنەکان دەنێن. ئەو کاتەی باسی یەککستنی هیزی پیشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس و دەزگا دژە تیرۆرەکان دەکەن، نەخشەی بەهێزکردنی روحی حزبیاب تیادا بەهێزتر دەکەن، کاتێک باسی چاکسازی دەکەن، درۆیەک دەمەزەرد دەکەنەوە بۆ بەردەوامی دان بە تاڵانی و دزی ئاشکراتر. هەر کاتیکیش باسی ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ بەغدا دەکەن و هەر لایەیان چاویان لەوەیە بەخستنی ئەوی تر، پێگەی خۆی لەناوەند بهێڵیتەوە و لە گەندەڵستانی دەسەڵاتی بەغدادا، پشکیان هەبێت...

هەر ئێستا کە چەند رۆژ بەسەر پەیامی حزبەکان و سەرانیان تێنەپەریووە، پارتی و یەکێتی بە دەستبەسەرداگرتنی داهاتی ناوخۆیی زۆنەکانیان، موچە موچەخۆران و قوتی هاوڵاتیانیان خستۆتە بەردەم مەترسییەوە... یەکێتی بەشێکی زۆری داهاتەکان ناگێرێتەوە بۆ داهاتی گشتی بە پاساوی ئەوەی پارتیش داهاتی نەوتی برایم و خەلیل و دەروازەکانی بەتەواوەتی ناگێرێتەوە.

لە کاتێکدا نارەزایەتی جەماوەری بەدژی لێبرینی موچە بەردەوامەو جەماوەری بێبەش و موچەخۆر و فەرمانبەرانی کوردستان لەخەباتیاندا بەدوای کۆتاییهێنان بە لێبرینی موچەوە بوون، ئێستا بەهۆی شەقاوچیتی دەسەڵاتی حزبیەوە لەو هەموو داهاتە زۆرەی بەردەستیان ئەگەر پێشوتر بەشێکی ناچیزیان دەگەڕاندەوە، ئێستا دەستیان بەسەر ئەو داهاتەشدا گرتووە و بەوهۆیشەوە دابەشکردنی موچە دوادەخەن...

ئەم دزی و ملهورییە حزبییە بە داهاتی خەڵکی کوردستانەوە، هێندەی تر پێداویستی راماڵینی ئەم دەسەڵاتە دەکاتە زەروەرەتێکی لەدواخستن نەهاتوو... جەماوەری بێبەشی کوردستان تەنها بژاردە لەبەردەمیان بۆ دەستراگەیشتن بەلانی کەمی ژیانێکی شکۆمەندانەو سەرەتاییرتین ئازادی و مافەکانیان، یەکگرتووبوون و ریکخراوبوون و دەستبردنە بۆ راپەرین و شۆرش بۆ کۆتاییهینان و بەو دەسەڵاتەوە مەگەساتە جاڵجاڵۆیەکەی، کە نان و ژیان و ئازادی... بە سەرکوت و فریوکاری قۆرغ کردووە.

# کۆمۆنیستی کرێکاری پشت و پەنای پەنابەران بووە!

لە ماوەی ٢٨ ساڵی ڕابوردوا کۆمۆنیستی کرێکاری وەک سەرەکیترین لایەنی کوردستان و عێراق بووەتە پشتیوانی ئەو کەس و خێزانانەی کە لە کوردستان و عێراق هەڵهاتوون ڕوویان لە تورکیا و سوریا و ئەورپاو کەنەداو ئەمەریکا و ئوسترالیا، بە ئامانجی گەیشتن بە ژیانێکی تازەتر وباشتر.

بۆ ئەم مەبەستە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و فیدراسیۆنی پەنابەری عێراق نزیک لەو حیزبە بوونەتە هۆی ڕزگارکردنی هەزاران کەس لە عێراق و کوردستان لەوانەش چەندین ژنیان ڕزگارکردوە لە کوشتن و گەیاندوونیان، بەدەرەوەی ووڵات.

ڕێکخراوەکانی یوئێن و ئەمنیستی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە جیهاندا وەک بە ئیعتبارترین و ڕاستگۆترین لایەن چاویان لە کۆمۆنیزمی کرێکاری کردوە. زۆرێک لەو کەسانەی کەیسی کۆمۆنیستیان بووەو داوای نامەی پشتیوانی حیزبی کۆمۆنیستیان لێ کردوون. هەربۆیە کەیسەکانی پەنابەران ئەگەر سەر بەم ڕەوتە بوایە و تائێستائش سەر بەم ڕەوتە بن زۆرترو زووتر قبوڵ دەکرێن. وای لێهاتووە کەسانێ ئەگەر لە کوردستان سەر بەلایەنەکانی تریش بووبن خۆیان بە کۆمۆنیست ناساندووە و دەناسێنن لە یۆئێن و وڵاتانی ئەوروپا و هتد، وە خۆشیان پەنا بۆ کۆمۆنیستەکان دەبەن کاریان بۆ بکەن بۆ ڕزگاربوونیان لەو دۆزەخەی لە کوردستان و عێراق بۆیان سازدراوە. کۆمۆنیستە کرێکارییەکان بوونە هۆی دەربازکردنی زۆر خەڵک لە مەرگ و تراژدیا. چەند نموونە باس دەکەم لەسەر خۆم و هاوڕێانم.

لەساڵی ١٩٩٦ لە تورکیا بەرپرسی فیدراسیۆنی پەنابەران بووم جگە لەوەی هاوکاریم بۆ پەنابەران هەبوو وەک پەیداکردنی جیگاو شوێنی نیشتەجێبوون و گەیاندنی شتومەکی ناوماڵ پێیان و هاوکاریان بۆ دائیرەکان، لەگەڵ ئەوەشا یارمەتی ١٧ خێزانمدا لە یۆئێن وە قبوڵ کران و گەیشتنە وڵاتانی ئەوروپا و کەنەداو ئۆسترالیا لە کاتێکا پێشتر خۆیان کەیسیان دابوو قبوڵ نەکرابوون .

هاوڕێ دەشتی جەمال سکرتێری فیدراسیۆن جگە لەوەی زۆر کاری لەم جۆرەی ئەنجامداوە لەچەند مانگی پێشوودا بووە هۆی ڕزگارکردنی ٣٥ کەس لە خنکان لە دەریادا. هاوڕێ جەلال سەعید لە کەنەدا بووەتە هۆی ڕزگارکردنی دەیان خێزان و کەسانی سینگڵ لە تورکیا بۆ کەنەدا. هاوڕێ ڕێبوار عارف و ڕۆژ عەزیز و ئەحمەد عەلی زۆرێک لە هاوڕییانی تر بە هەمان شێوە بوون.

ناحەزانی کۆمۆنیزمی کرێکاریش لەبەرەی ڕاست و لە چەپ دەڵێن چیان کردووە، ئەمانە هەر لەپشتی کۆمپیتەرو مۆبایلەوە قسە ئەکەن، دیارە ئەوەش پێویستە وەک حیزب و لایەنەکانی تر بەڵام لەوەش گرنگتر ئێمە زۆر کاری ئینسان دۆستانەمان کردووە چ وەک هاوکاری پەنابەران لەهەموو بوارێکی پێویستەوە چ وەک ئەوەی ئێستایش باشترین هاوکاری تۆڕی هاوکاری کۆمەڵایەتین لە شارەکانی سلێمانی و هەولێرو کەرکوک هەڵەبجە و کەلار وکفری و ڕانیە و کەڵەکچی ... هتد. هاوکاری ماددی تەندروستی بەهەژاران و کەم دەرامەتەکان ئەکەین، لەهەمان کاتدا کار بۆ یەکگرتووکردن و ڕێکخراوکردنی خەلک ئەکەین لە پێناو سۆشیالیزم لەڕێگای شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار.

**سەردار عەبدوڵا حەمە.**

# (بەرەڵایی) لە سێ تێڕوانینەوە!

کەم ڕۆژ هەیە ئەم وشەیە نەبیستین و هەریەک لە ڕوانگەی بەرژوەندی خۆیەوە پێناسەی وشەی »بەرەڵایی «نەکات و کەسانی تر ناوەزد نەکا بە بەرەڵا. سێ بزووتنەوەی دیاری کۆمەڵگەی کوردستان پێناسەی جیاوازیان هەیە بۆ ئەم وشەیە ئەوانیش بزووتنەوەی کوردایەتی دەسەڵاتدار و ئیسلامی سیاسی و کۆمۆنیزمی کرێکارییە. ١/ کوردایەتی دەسەڵاتدار : بە بۆچوونی ئەم ڕەوتەی دەسەڵات بەرەڵایی ئەوەیە کە دەسەڵات ئەخاتە بەر مەترسی لە ناوبردن . ئازادی بیروڕاو ئازادی سیاسی و ڕێکخراوبوون و کۆبوونەوەو مانگرتن سنوردار دەکا لە چواچێوەی بەرژەوەندیەکانی مانەوەی دەسەڵاتدا، بەجیا لەوە ئیتر بەرەڵاییە ناکرێ ڕێگای پێ بدرێ لە ژێر ناوی یاساشکێنی و ئەو کەس و لایەنانە بەبەرەڵا دەزانێ کە لەو سنورەی خۆی بۆ کێشاوە بێنە دەرەوە، یاساشی بۆ ئەمە



داناوە. هەروەها سنورداریەکی تریشی داناوە کە لە مەدا هاوبەشە لەگەڵ تێروانینی ئایینی زۆربەی خەڵک کە پێی وایە ڕەخنەگرتن لە ئایینی زۆربەو ئاڵای کوردستان و سرووودی نیشتمانی دەبێتە بەرەڵایی.٢/ ئیسلامی سیاسی و سەلەفی، لای ئەمانە زیاتر بەرەڵایی دەبەسترێنەوە بە لادان لە مافی تاک و ئازادی تاک کە سزاکەی زۆرجار بە کوشتن وەڵام ئەدەنەوە. ئەگەر ژن جلێک لەبەر بکات لە چواچێوەی جلی ئیسلامیدا نەبێ ئەوە بەرەڵاییە. ئەگەر ژن خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکدا بکا لە چوارچێوەی دیندا نەبێ ئەوە بەرەڵاییە، ئەگەر گوێ لە مۆسیقاو گۆرانی بگری ئەوە بەرەڵاییە، هاورەگەزخوازی بەرەڵاییە، ڕەخنە لە بانگخوازو شێخ و مەلای ئایینی ئەوە بەرەڵاییە، پرسیار لەسەر سەوابت و ئەحکامە دینیەکان بەرەڵایی.٣/ کۆمۆنیزمی کرێکاری، بەرەڵایی لای ئەم ڕەوتە ئەوەیە هەر کارێک دژی ژیانی مرۆڤ بکرێ ئەوە بەرەڵاییە، واتە سنور بەزاندن و بەرەڵایی ئەوەیە کە ژیان و گوزەران و ئازادیەکانی مرۆڤ بخرێتە ژێر پێوە، چوارچێوەیەک کە دانراوە ئینسانە و ئەوەی لەو چوارچێوەیە دەرچێ بەرەڵاییە. کرێکار و زەحمەتکێش و مامۆستاو فەرمانبەر و خەڵکی برسی و نەدار لە هەر کۆمەڵگەیەکدا وەک ئینسان نەژی و یەکسان نەبێ لەگەڵ سەرجەم مرۆڤەکانی کۆمەڵگە ئەوا لەو کۆمەڵگەیەدا بەرەڵایی هەیە. ئازادییەکانی ئینسان وەک ئازادی بیروباوەر، سیاسی، ڕێکخراوبوون، خۆپیشاندان. ئازادی تاک لە هەڵبژاردنی دین یا بێ دینی لە هەڵبژاردنی جلوبەرگ و گوێ گرتن بەشداری لە مۆسیقاو بەشداری و سەیرکردنی شانۆ و سینەماو سەماکردن و هونەری تەشکیلی. ئازادی تاک لە هەڵبژاردنی هاوسەر و هاوژین و هاو ڕەگەز و ئازادی خۆشەویستی. پێشێلکردنی سەرجەم ئەم ئازادیانە بەرەڵاییە.

**سەردار عەبدوڵا حەمە ٢٠٢١/٥/٢٩**

**دۆسیەی گیراوەکانی بادینان ریسوایی دادگا و دادگای پێداچوونەوەی خستە ڕوو... لە ئێستادا ئەم دۆسیەیە بووە بە کەیسیکی تر بۆ ململانێی نێوان دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و بەرەی ئازادیخوازی کوردستان... هەروەها بزوتنەوەی نارەزایەتی بەرووی دادگا و دادگای لێپێچینەوە، کەئامرازی دەستی حزبن بۆ پاراستنی دەسەڵات و ترساندنی دەنگە ئازاد و ئازاو ئازادیخوازەکان، بەشێکی لێکهەڵپێکراوە لەگەڵ بزوتنەوەی فراوانی جەماوەری بۆ کۆتاییهێنان بەو دەسەڵاتەی تۆبەکەی تەنها مەرگە. ئازادبوونی گیراوەکانیش لەدرێژەی نارەزایەتی فراوانی جەماوەری و گوشاری بەرەی ئازادیخوازیدا، بەمانای سەرکەوتنی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرییە لە راستای خواستی ڕامالینی دەسەڵاتدا، بۆیە پێویستە بلۆکی ئازادیخوازی کوردستان بەردەوام بن بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای سزادراوان وئازادکردنی سەرجەم گیراوەکانی بادینان**

# سەرنووسەری بۆپێشەوە لە وەڵامی پرسیارێکی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەردا...

دەربارەی قسەکانی نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان لە عێراق سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی و ئایندەی هەرێم ئۆکتۆبەر پرسیارێک ئاراستەی عبدلله محمود سەرنوسەری بڵاوکراوەی بۆپێشەوە دەکات؛

**ئۆکتۆبەر: نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان لە عێراق لە کۆنفرانسی یەکڕیزی و دەستوری هەرێمدا کە ئیدریس نێچیر بارزانی سازی کردبوو، سەبارەت بە هەرێمی کوردستان دەڵێت ناکرێ ئیتر هەرێمی کوردستان بەسەر دوو ناوچەی زەرد و سەوزدا دابەش بکرێ و دەبێ دوو زۆنی کۆتایی پێبێت. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە**

**بۆرژوازی کورد، ٣٠ ساڵە دەسەڵاتی لەلایەن ئەمریکاو غەربەوە رادەستکراوە، لە ماوەی ئەم ٣٠ ساڵەدا، ئەم دەسەڵاتە نەك نەیتوانی دەسەڵاتێکی سەراسەری دروست بکات و کەشێکی ئارام و خامۆش بۆ سەرمایە فەراهەم بکات، بەڵکو لەلایەکەوە دوو زۆنی کردە واقعیەتێکی جێگیر و تا ئێستاش ئاسۆیەك بۆ کردنەوەی هەریم بە یەك زۆن و یەك دەسەڵات لەئارادانییە، کە ببێتە چەترێك بۆ کۆکردنەوەی بۆرژوازی کورد یان ئەوەی پێی دەوترێت" یەکریزی ماڵی کورد".**

**ڕەنگە بارودۆخ و پێگەی سیاسی و یاسایی هەرێمی کوردستان بە ئاراستەی نەخوازراودا گۆڕانکاری بەسەردا بێت... ئێوە ئەم قسانەی نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان چۆن لێک دەدەنەوە؟**

**عەبدوڵا مەحمود:** نەتەوە یەکگرتوەکان بەهەموو پێودانگ و بە کردەوەش، لەژێر هەیمەنەی دەوڵەتی ئەمریکادایە، بۆیە ئەم پەیامە، یان راستر بڵێین ئەم ئاگادارکردنەوەیە، هاوکات پەیام و ئاگادارکردنەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردە، لەلایەن ئەمریکا و هاوکات لەلایەن ریکخراوەیەکی نێونەتەوەیەوە. هەروەها راگەیاندنی پەیام و ئاگادارکردنەوەکە لە کۆبونەوەیەکدا کە کەسایەتی یەکەمی حزبەکان، و حکومەت تیایدا بەشداربوون، مەسەلەیەکی جدییە.

بۆرژوازی کورد، ٣٠ ساڵە دەسەڵاتی لەلایەن ئەمریکاو غەربەوە رادەستکراوە، لە ماوەی ئەم ٣٠ ساڵەدا، ئەم دەسەڵاتە نەک نەیتوانی دەسەڵاتێکی سەراسەری دروست بکات و کەشێکی ئارام و خامۆش بۆ سەرمایە فەراهەم بکات، بەڵکو لەلایەکەوە دوو زۆنی کردە واقعیەتێکی جێگیر و تا ئێستاش ئاسۆیەک بۆ کردنەوەی هەریم بە یەک زۆن و یەک دەسەڵات لەئارادانییە، کە ببێتە چەترێک بۆ کۆکردنەوەی بۆرژوازی کورد یان ئەوەی پیی دەوترێت" یەکریزی ماڵی کورد". ئەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردی تا ئێستا هێشتۆتەوە بە جیا لە پشتیوانی ئەمریکا و غەرب و وابەستەبوونیان بە وڵاتانی ناوچەکە، لاوازبوونی دەسەڵاتی بۆژوازی ناسیونالیست و ئیسلامی عیراق و پەرتەوازەیی ریزەکانیان بووە.

**ئەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردی تا ئێستا هێشتۆتەوە بە جیا لە پشتیوانی ئەمریکا و غەرب و وابەستەبوونیان بە وڵاتانی ناوچەکە، لاوازبوونی دەسەڵاتی بۆژوازی ناسیونالیست و ئیسلامی عیراق و پەرتەوازەیی ریزەکانیان بووە.**

**نائارامی و تێکچوونی باری ئاسایشی کوردستان و لەوەش زیاتر دارمانی ئەم دۆخەی هەیە هەمیشە ئەگەرێکی واقعیی بووە.**

نائارامی و تێکچوونی باری ئاسایشی کوردستان و لەوەش زیاتر دارمانی ئەم دۆخەی هەیە هەمیشە ئەگەرێکی واقعیی بووە. هەر ئاڵوگۆڕێکی ناوچەیی، یان هێرشی هەریەک لە وڵاتەکانی ئێران و تورکیا، تەنانەت هێزێکی وەکو حەشدی شەعبی، دەتوانێت دۆخی کوردستان تێک بدات... نەبوونی سەقامگیریەکی جێگا دڵنیایی درێژ خایەن، واقعیەتێکە، کە هەمیشە هەرەشەیە لەسەر کەڵەکەی سەرمایە... وە نەبوونی سەقامگیریەکی درێژخایەن و زامنکراو لە باری سیاسیەوە، بەردەوام بواری دەستێوەردانی دەرەکی و راستەوخۆ و ناراستەوخۆ زیاد دەکات...

لە ژێر سایەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی و دوو زۆنیدا، ریزی بۆرژوازیش شەق و ناهاوئاهەنگە. چۆن هەموو پرس و مەسەلەیەکی سیاسی و ئیداری و ئەمنی و کارگێری و سەربازی و هەواڵگری دابەش کراون، ئاواش جموجۆلی سەرمایە لەهەرکام لە زۆنەکاندا وابەستە بە قەڵەمرەوی ئەو دەسەڵاتەیە و زۆرتریش قۆرغی هەیمەنەی حزبییە. ئەم دۆخە جێگای نیگەرانی ئەمریکا و غەربە، هەروەها مایەی نیگەری بۆرژوازی ناوخۆشە، بۆیە ئاگادارکردنەوەی ئەم دەسەڵاتە لەم واقعیەتە کە دەگمەنە لە ئاستی دنیادا، بۆتە پێداویستی بۆرژوازی لە ئاستیکی فراواندا.

بەتایبەتی و لە کاتێکدا عێراق خەریکە دەبیتەوە بە مەیدان و چەقی سەرنجی بۆرژوازی دنیا، و هەوڵەکان بۆ دوبارە سازدانەوەی دەوڵەتی عێراق و جێخستنی دەسەڵاتێکی سەراسەری و قوتبی، دەستیان پێکردووە، لەبەرامبەردا هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی هەرێم بەرەو پەراوێزخستن دەچێت بە بەراورد بە رابردوو، ئەمە نەک تەنها لەسەر ئاستی دنیا و ناوچەکە، بەڵکو لەسەر ئاستی عێراقیشدا پێگەی بۆرژوازی کورد و هەرێم و حزبەکانی بەرەوداکشان هاتووە... ئەگەر ئەگەری هیچ هێرش و ئاڵوگۆڕێکی ناوچەیی، یان قوڵبونەوەی کیشەی ناوخۆی حزبەکابەکانیش هەرەشە نەبن لەسەر ئەم دۆخەی هەیە، ئەوا بەهەر ئەندازە دەسەڵاتی بۆرژوازی عەرەب بەرەو قوتبی بوونەوە و پێگرتن بچێت، بەهەمان ئەندازەش دەسەڵاتی سیاسی هەرێم و زۆنەکان، سنوردارتر دەکرێن و دەسەڵاتەکان کلک و گوێیان دەکرێت.

ئەم پەیامەی نوینەری نەتەوە یەکگرتوەکان بە پلەی یەکەم ریشەی لەو واقعیەتەدایە. تەنانەت گەڕانەوە بۆ دەستور و پابەند بوون بەو دەستورەی کەهەیە، دەتوانێت ئاڵوگۆری زۆر بەسەر ساحەی سیاسی عیراق و پەیوەندی هەرێم بە بەغداوە بهێنێت... گێرانەوەی داهات و سامانە سروشتیەکانی وەکو نەوت و غاز، سنورەکان، سوپا، بەرگری، ئەمنیەت، پەیوەندییە نیودەوڵەتیەکان... هەموو ئەمانە کە دەستور پاڵپشتیان لێدەکات، بەمانای لێ سەندنەوەی دەسەڵاتە لە پارتی و یەکیتی و تا رادەیەکی زۆریش دەرکێشانی سەرچاوەکانی دزی و تاڵانییە لە دەستیان... دیارە ئەم پرۆسەیە بەدوای ١٦ ئۆکتۆبەر و کۆتایی هاتنی شەری داعشەوە دەستی پیکردووە. چەند ساڵیکە بۆرژوازی کورد ئاستی داواکانی لە بەغدا و بۆرژوازی عێراقی داکشاوە بۆ ناردنی موچە و ریکەوتنی کاتی بۆ فرۆشتنی بریێکی نەوت بە نرخی سۆمۆ. ئایندەی ئەو ڕیکەوتنامە بەرق ئاسایەش، کە شایی و لۆغانیان بۆکرد، بە کردەوە بەبن بەست گەیشتووە...هەروەها دەسەڵات هیچ متمانەیەکی لای جەماوەر نەماوەو خواستی راماڵینی دەسەڵات، بە پانیایی هەردوو زۆنەکە، شەپۆل دەدات.

ئاگادارکردنەوەی نوێنەری نەتەوەیەکگرتوەکان، بە ئاگاهێنانەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی سیاسی کوردە، لەم ئاڵوگۆڕانەی بەکردەوە دەستی پێکردووە، بەڵام پارتی و یەکێتی بەهۆی نقومبوونیان لە تاڵانی دزییدا، توانایی بینینی ئاکامەکانی ئەم ئاڵوگۆرانەیان نییە...

بەڵام کێشەکە تەنها پەیوەند نییە بە دەسەڵاتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە، بەڵکو هاوکات پەیوەندە بەچارەنووسی خەڵکی کوردستانیشەوە. لەوەش زیاتر چارەنووسی خەڵکی کوردستان و ئایندە سیاسیەکەی دۆسیەیەکە ئەمریکا و غەرب ناتوانن شانی خۆیان لەبەرامبەردا خاڵی بکەنەوە، چونکە هەموو ئەو دۆخەی لە هەرێمدا هەیە، بە دەسەڵاتی تاڵانچیتی پارتی و یەکێتیشەوە، ئەمریکاو غەرب لێ بەرپرسن.

بێگومان ئەم دۆخەی ئێستای سیاسی کوردستان، بەم شێوەیەی ئێستا نامێنێتەوە، بەڵام ئەوەی زەمانەتی ئەوە دەکات لەو ئاڵوگۆڕانەی دەستیان پێکردووە، کارەساتی بۆ خەڵکی کوردستان و ئایندە سیاسیەکەی بەدواوە نەبێت، لەگرەوی ئامادەیی و کۆبونەوەی خەڵکی کوردستاندایە لەدەوری بەدیلی شۆرشگێرانە و سۆشیالیستی... راماڵینی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، یەکێک لەو ئەرکانەیە، کە دەتوانێت رێگە بگریت لەوەی شکستی بۆرژوای کورد، ببیتە مایەی کارەسات، بۆ خەڵکی کوردستان.



# بەم نەخشە ڕێگایە کۆمەڵگەیەکی باشتر بەدی دێت...

نووسینی: عبدالرحمن رەسوڵ

لەگەڵ زۆربوون گەشەی کێشەکانی کۆمەڵگە و زیادبوونی بێکاری و هەژاری و نەخۆشی وگرفتە جۆراوجۆرەکاندا خەڵک بەردەوام پرسیار دەکات کە چۆن بتوانێت خۆی ڕزگار بکات لەدەست ئەوکێشەو گرفتانە کەڕووبەڕووی خۆی وکۆمەڵگەکەی دەبێتەوە. بەڵام بەر لەئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە پێویستمان بەهەبوونی وەڵامی پرسیارێکی ترە ئەویش ئەوەیە ئایا خۆمان ئەرکمان چییە کەپێویست دەکات ئەنجامی بدەین بۆ هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی باشترو دوور لەچەوسانەوە. دواتر بگەڕێن بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی کە چۆن دەتوانین خۆمان ڕزگار بکەین لەدەست کێشەکانی بێکاری و هەژاری و چەوسانەوە کە ڕۆژانە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە؟

پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە پێویستە جارێکی تر لەخۆمان بپرسین ڕاشکاوانە و ڕاستگۆیانە، ئایا دەمانەوێت لەدەست چەوسانەوە وبێموچەیی و هەژاری وبێکاری وسەرکوت و نایەکسانی ونابەرابەری ڕزگارمان بێت یان تەنها دەمانەوێت خۆمان وەک تاکێک کەسی تر نا کە موچەکەی پێ بدرێت یان ژیانی باشتر بکرێت؟! ئەگەر ئێمە لەخەمی گشتیدا نەبین تەنها بیر لەبەرژەوەندی و هەبوونی موچەی خۆمان بکەینەوە ئەوا ڕاشکاوانە دەڵێم نەدەتواندرێت کۆمەڵگەیەکی باشتر لەڕووی دەست ڕاگەیشتن بە ماف و ئازادی و ژیانێکی باشتر بەدی بهێنین، نەدەشتوانین خۆمان بەتەواوی ڕزگاربکەین لەدەست یاساکانی چەوسانەوە ولێبڕین وکەمی موچەو هەبوونی کێشەو گرفتەکانی تر.

لەبەرئەوەی دەسەڵاتی ملهوڕ بەپێی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بەرپرسەکانی موچە یان کرێ بۆ کارمەند و کرێکاران دابین دەکات بە ئارەزوویی خۆی دەیبڕێت و دەیدروێت کەس نابێت ڕێگری بێت ئەمەش لەبەرئەوەی بناغەی سیستەم و دەسەڵات لەسەر یاساکانی کۆنەخوازی و چەوسانەوەی بێ ڕوحمانە دامەزراندووە. هەربۆیەشە زۆرجار شێخێک یاخود سەرۆک عەشیرەتێک کەمێژووەکەی پڕە لەتاوانکاری و دژەئینسانی دەکاتە ژمارەیەک لەمیدیاکانی گرینگی پێدەدات، یان بانگخوازێکی فتوادەر بۆکوشتن لەدژی ئازادیخوازو یەکسانیخوازی دەکاتە ژمارە یەک لەڕاگەیاندنەکانیدا گرینگی پێدەدات و پارەو سامانی بۆ هەڵدەڕێژێت ئەمەش جێگای سەر سووڕمان نییە، چونکە دەسەڵات دەیەوێت لەبەرژەوەندی خۆی کۆمەڵگە ئاراستە بکات، نەک بەرژەوەندی گشتی مرۆڤەکان. هەربۆیە دەبێت زۆر وریابین لەوەڵامدانەوەی خۆمان کەتەنها بڵێین خۆمان وەک تاک یان گرووپ و یاخود بەش بۆ ڕزگاری و هێنانەدی ژیانی باشترمان، ئەوا بەدەستی خۆمان و فکری خۆمان دەبینە درێژەپێدەری هەمان ڕێبازو کارگەی بەرهەمهێنەری یاساکانی کۆنەخوازی و چەوسانەوە کە درێژکراوەی چەندین ساڵەی هەمان سیستەم و دەسەڵاتی بۆگەن وچەوسێنەر دەبین. هەروەک کارڵ مارکس، دەڵێت ئەگەر دەتەوێت کەسێکی بێنرخ نەبی، ئەوا پشت لەخەمی خەڵک مەکە. ئەمەش بەواتای ئەوە دێت کە خەم و کێشەو گرفتی مرۆڤەکانی تر بەهی خۆمانی بزانین، دڵسۆزانەو ڕاستگۆیانە پشتیوان و هاوکاریان بین بۆ هێنانەدی ماف و ئازادییەکانیان. لە ئێران وعێراق وکوردستان بەردەوام بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری و هەژاری وبرسێتی خەڵک نارەزایەتی وخۆپیشاندان ئەنجام دەدات ئەمە هەنگاوێکی زۆرباشە، بەڵام هۆکاری ئەوەی کەنەتوانداراوە کاریگەری زۆر باشی هەبێت و ببێتە هۆکارێک بۆ گۆڕانکاری ژیانی خەڵک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خودی نارەزایەتی وخۆپیشاندانەکان بەش بەش، شار، شار. بەش بەش واتە لەبەشێکی خەڵکدایە لەچەند ڕۆژ و مانگی تر دەچێتە ناو بەشی تر، نموونە چەند ڕۆژێک مامۆستایان خۆپیشاندان دەکەن بۆ هێنانەدی خواست وداواکارییە ڕەواکانیان دواتر دەچنەماڵەوە بەبێ کەمترین دەستکەوت و بەدەستهێنانی خواست و داواکارییەکانیان، دواتر پێشمەرگە، پۆلیس دێنە سەر شەقام دەڵێن موچەمان کەمە ئەم بەشەش بەهەمان شێوەی مامۆستا و فەرمانبەران، چەند ڕۆژی تر ژنان دێنە سەر خیابان بۆ چەندین داواکاری و مەحکومکردنی توندوتیژی و کوشتن لەدژی ژنان، ئەمەش دەکرێتە هەواڵ و بڵاودەبێتەوە بەبێ هیچ کاریگەرێک کەبتوانێت گۆڕانکاری باشتر بەدی بهێنێت بۆ ژیانی ژنان. هەروەها ماوەیەکی تر بەهۆی سەرکوت و زیندانیکردنی چالاکوانانی مەدەنی و سیاسی و ڕۆژنامەنووسان خەڵکی ناڕازی دێنە سەر شەقام و داوای هێنانەدی ئازادی دەکەن و ئازادکردنی زندانیانی سیاسی و چالاکوانان دەکەن. پاش ماوەیەکی تر کرێکاران وزەحمەتکێشان دێنە سەرشەقامەکان بۆ باشکردنی ژیان ودابینکردنی کرێ وبیمەکانیان، ئەوانیش دەچنەوە ماڵەکانیان، دواتر خانەنشینان و خەڵکی بێکارو هەژار دێتە سەرخیابان و شەقامەکان بەبەرزکردنەوەی چەند دروشم و داواکارێکی ڕەوا وهەق، بەڵام دوای بەڵێن دانی بەرپرسانی دەسەڵات جێبەجێ ناکرێت. ڕۆژانەش لە تەلەفیزیۆن و ڕاگەیاندنەکانەوە گوێ بیستی خەڵکی هەژار دەبین کە داوای بەهانەوەچوونییەوە دەکات کە پێویستی بە هاوکاری هەیە، ناتوانێت کرێی خانووەکەی دابین بکات و ناتوانێت چارەسەری نەخۆشی یەکەی بکات، بەهۆی هەژارییەوە، بەردەوامیش وێنەی ئەم چیرۆکانە دەبینین و گوێ بیست دەبین کە لەفلان شار یان گەڕەک و شوێن ژنێک سووتا یان خۆی کوشت یاخود کوشتیان یان گەنجێک لەبەر بێ پارەیی خۆی کوشت، ئەمانە هەواڵی ڕۆژانەی میدیاکانن.

بەم شێوازە نارەزایەتییە لەژێر سایەی سیستەم و دەسەڵاتێکی کۆنەخوازو چەوسێنەری سەرمایەداریدا هیچ ماف و ئازادییەک بەدەست نایە. چونکە چەندەها ساڵە بەم جۆرەیە کۆمەڵگە زیاتر وێران دەکرێت و خەڵک زیاتر دەکرێتە قوربانی و ژینگە زیاتر لەناو دەچێت. هەروەک کارڵ مارکس دەڵێت (ئەگەر سیاسییەکان ڕێکبکەون پارەمان ئەدزن ئەگەر شەڕیان بێت ژیانمان ئەدزن.). بۆئەوەی باشتر نەخشەڕێگای ڕزگاریمان بناسین پێویست دەکات واقیعیەتی کۆمەڵگە لەڕوویی برسێتی و هەژارییەوە بزانین کە بەپێی سەرچاوە فەرمییەکانی حکومەتی عێراق کۆمەڵگەی کوردستان و عێراق لەم بارودۆخەدا دەگوزەرێت کەتێیدایە بەم جۆرەیە. لەگەڵ زیاتر فرۆشتنی نەوت و هەناردەکردنی زیاتری نەوت و غازدا کەدەبێتە هۆی زیادبوونی پارەو سامان بۆ بەرپرسە باڵاکانی حیزبەکان و حکومەت و سەرۆک عەشیرەتەکان و بانگخوازانی دینی وقەومی لەهەمان کاتیشدا ڕێژەی هەژاری وبێکاری وبرسێتیش بەرز دەبێتەوە. بەپێی ئاماری وەزارەتی پلاندانانی عێراقی، ژمارەی دانیشتوانی عێراق بە کوردستانەکەیەوە گەیشتۆتە ٤٠ ملیۆن کەس. لەو ژمارەیە ٣١,٧% لە هێڵی هەژاریدا دەژی (لە ٢٠١٦ دا ئەو ڕێژەیە ١٢% بووە). گووتەبێژی وەزارەت عبدالزهرة الهنداوي لەساڵی ٢٠٢١ دەڵێت: ژمارەی هەژاری ١٠ ملیۆنی تێپەڕاندووە. هێڵی هەژارییش بە ١١٠ هەزار دینار (٧٥) دۆلار دیاری کراوە بۆ هەر یەک کەس لە مانگێکدا ئەمەش بەپێی پێوەرە جیهانییەکانە. لەوە بۆ خوارەوە هێڵی برسێتیە. کەوایە ئەو نەوت و غازەی فرۆشراوە لەلایەن بەرپرسە باڵاکانی حیزب و حکومەتی کوردستان وعێراقەوە دەستی بەسەردا گیراوە و دزراوە هەر بۆیەشە زۆر خۆشبەخت و خۆشگوزەران دەژین کوڕو کچەکانیان لەوڵاتە پێشکەوتووەکان و ئەورپاو ئەمریکا و بەریتانیا گەشت دەکەن و لەزانکۆکان دەخوێنن بەئارەزوویی خۆیان، خۆشیان لەبەرپرسەکان هەرکاتێک کەمترین نەخۆشیان هەبێت دەچنە نەخۆشخانەکانی ئەوروپا، بەڵام ئەوا خێزانە کرێکارو زەحمەتکێش و هەژارەکان توانایان بەسەر پێداویستیە هەرە گرنگەکانی ڕۆژانەی ژیاندا ناشکێت بە فەرمانبەرانیشەوە کە بریتیە لە (کرێی خانوو، خۆراک، هاتووچۆ، چاودێریی مناڵ، تەندروستی، قوتابخانە، جلوبەرگ، ئاو و کارەبا). ئەم پێوانەیەش لە عێراق و کوردستاندا لەخوار پێوەری ئاسایی هەژارییە، کەوایە زۆر بەڕوونی دیارە کۆمەڵگەی کوردستان و عێراق بۆتە کۆمەڵگەیەکی چینایەتی تەواو کە کەمینەیەک لەبەرپرسان و ماستاوچی و پارێزەرانی ئەم سیستەم و دەسەڵاتە ملهوڕە چینایەتییە، زۆرینەش بریتی یە لەخەڵکی ئاسایی، کە زۆرینەی بەرەو هەژاری و بێکاری و برسێتی زیاتر ملدەنێ. بۆچارەسەری تەواوی ئەم کێشەو قەیرانانە پێویست دەکات شەڕی چینایەتی خۆمان بکەین بەئەنجامدانی شۆڕشی هاوپشتی و یەکگرتووانەی چەوساوەکان و خەڵکی ناڕازی کۆمەڵگە. نابێت چۆکمان بشکێت لەئاست بەربەستەکانی تێکوشان بۆهێنانەدی نان، کار، ئازادی. دەبێت ڕاشکاوانە بەدیلی چینایەتی خۆمان بەیان بکەین و ڕای بگەیەنین کە ئێمەی ناڕازی بەچەوسانەوە و نابەرابەری و نایەکسانی و کوشتن و تیرۆرو سەرکوت و گەشەی بێکاری وهەژاری کۆمەڵگە دەمانەوێت ئەم سیستەم و دەسەڵاتە چەوسێنەرو دزو کۆنەخوازە بڕوات و بخرێتە زبڵدانی مێژووەوە، سەرجەم بەرپرسەکانی ئەو دەسەڵاتەش دادگایی بکرێن بەهۆی ئەنجامدانی تاوان و دزینی سەروەت، وسامانی گشتی خەڵکی کۆمەڵگەوە. ڕاشکاوانە پێویستە خەڵکی ناڕازی ڕای بگەیەنێت بڵێت دەمانەوێت لەڕێگای حکومەتی شورایی و ئیدارەدانی شوراییەوە ئیدارەی کۆمەڵگە بەڕێوەببرێت، ڕاستەوخۆ خەڵکیش چاودێر بێت بەسەر سەرجەم هەنگاو و کارو چالاکییەکانی دەسەڵات و حکومەت.

هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی باشتر بەڕێکخراوبوونی خۆمان لەدەوری هاوچینەکەمان دەبێت کەخەڵکی ناڕازی یە بەهەبوونی یاساکانی چەوسانەوە و کۆیلایەتی ئێستا دەبێت. بەردەوام بەیەک دەنگ ویەک هەڵوێست بڵێین بەڵێ بەدیلمان هەیە. ئەویش ئیدارەدانی شورایی یە. خوێنەرانی ئەزیز هەر کە دەڵێن ئەم دەسەڵات و سیستەمە بۆگەن و دزو چەوسێنەرە بەشۆڕشی دەگۆڕدرێت، یەکسەر لایەنگرانی دەسەڵات و سیستەم پێمان دەڵێن بەدیلتان چییە. وەک ئەوەی نەزانن جێگرەوەی دەسەڵاتی کەمینە دەسەڵاتی زۆرینەیە کە دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی خەڵکە لەڕێگای شوراکانییەوە، بەدیلی خۆشگوزەرانی کەمینە خۆشگوزەرانی گشتییە. واتە خۆشگوزەرانی و دابینکردنی کارەبای بەردەوام و پێداویستی چارەسەری تەندروستی و خوێندن و پەروەردەی پێشکەوتوو و ژینگەی جوان وخاوێن بۆ هەمووان بێت، بەدیلی هەڵاواردن زۆر ڕوونە کە هێنانەدی بەرابەری و یەکسانییە. بەدیلی سەرکوت و زیندانیکردنی ڕۆژنامەنووس و هەڵسوڕاوانی سیاسی و مەدەنی، هێنانەدی ئازادییە و جێگرەوەی پەڕلەمانیش و هەڵبژاردنی هەر چوار ساڵ جارێک کە مل پان و زرتە بۆزەکانی ناو حیزبەکانی دەسەڵات دەبنە بازرگان وسەرمایەدار، بەدڵنیایی کۆبونەوەی گشتی خەڵکە لەگەڕەک و کارگەو شوێنی کارو ژیان بۆ پێکهێنانی شوراکانی شوینی کارو ژیانە، دواتر دامەزراندنی حکومەتی شورایی یە. کە لەم حکومەتەدا کەس لەسەر دزی و تاڵانی و گەندەڵی نابێتە بازرگان و سەرمایەدار بەپارەی دزینی سامان و پارەی گشتی خەڵک، چونکە خودی خەڵک ڕاستەوخۆ چاودێرە بەسەر سەرجەم کارو چالاکییەکانی حکومەتی شوراییدا، زۆر بەئاسانی دەتواندرێت بەرپرسان ڕاپێچی دادگاکانی حکومەتی شورایی بکرێن کەتاوان باربوون سزابدرێن بەئاشکرا. وەڵامی دروستی ئەو بریارەش کەدەپرسن چارەسەر چییە و چ بکرێت بۆڕزگاربوونی کۆمەڵگە لەم قەیران و کێشەی هەژاری وبێکاری و نەبوونی موچەو ئاوارەیی گەنجان بۆ وڵاتان؟ وەڵامەکەی ئەوەیە کە دڵسۆزانە و ڕاستگۆیانە و ڕاشکاوانە هاوپشت و یەکگرتووبین بۆ ڕێکخراوبوونی بزووتنەوەی چینایەتی خەڵکی بێکار و کرێکار و چەوساوە و بێ بەش و کرێکارو زەحمەتکێشانی کۆمەڵگە هەنگاوی چالاکانە بنێین بۆ گەشەدانی تێکۆشانی یەکگرتووانەی خەڵکی ناڕازی لەپێناوی لەگۆڕنان و ڕوخانی ئەو سیستەم و دەسەڵاتە کۆنەخوازو چەوسێنەرو دزو گەندەڵە لەکوردستان ولەعێراق دا. دواتر حکومەتی شورایی دابمەزرێت بۆئەوەی زۆر بەئاسانی وەکو مافێکی سادەی هەریەکەمان دەستمان ڕابگات بەهێنانەدی نان، کار، ئازادی.

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

پرسی ژن
؟



توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە،

ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر

# بۆچی ئاتەئیست و ئینسان دۆستم

نووسینی: تەسلیمە نەسرین



من لە خێزانێکی موسوڵمان چاوم بەدنیا هەڵێنا، دایکم منی ناچار دەکرد هەموو رۆژێک قورعان بخوێنم... نوێژەکان لەکاتی خۆیدا بکەم و لە رەمەزاناندا، بەرۆژوو بم. لە دەورانی گەشەونمامدا، دایکم منی دەبرد بۆ لای "پیرە" پیاوێک، کەسەرۆکی گروپێکی مەزهەبی و جێگای رێز و متمانەی موسڵمانان بوو. ئەم "پیرە" پیاوە خاوەنی دارودەستەی تایبەتی خۆی بوو، باوەڕی بە جنۆکەو خورافات هەبوو. "پیر" رایگەیاندبوو ئەو ژنانەی لەبەردەم پیاواندا پێدەکەنن، یان لەماڵ دەچنە دەرەوە، لەلایەن جنۆکەوە بەکاردەهێنرێن. بۆیە ئەو بێرەحمانە ئەو ژنانەی کوتەک کاری دەکرد، تا گوایە جنۆکە لە گیانیان بێتەدەرەوە. ئەو وێنایەکی ترسناک ئامێزی لە جەهەنەم دەکرد، وە هەرکەسێک لەگەڵ ئەو دیداری بکردایە دەبوو پارەی پێبدات.

"پیر" لەلایەن چەند ژنی جوان و گەنجەوە دەورە درابوو کە لەشیان بۆ دەشێلاو بەدەم دواکاریەکانیەوە دەچوون. رۆژیک بە ئامادەبووانی راگەیاند کە قیامەت، رۆژی نابوود بوونی زەمین، بەزوویی دێت و پێویست نییە ژنان شو بکەن، ئەوان پێویستە ژیانیان فیدای اللّه بکەن.

من بەوهۆیەوە، کە "پیر" درندانە کوتەک کاری ژنانی دەکرد، تا جنۆکە لە گیانیان بێتە دەرەوە، وە لە وەسف و پیاهەڵدانەکانی بە قیامەت نەک ترساو هەر تۆقیبووم، بەڵام قیامت هەر نەهات.

"پیر" نەخۆشەکانی بەخوێندنەوەی قورعان و کوتەک کاری کردن" چارەسەر" دەکرد. ئەو ئاوی مقەدەسی هەبوو کە نەخۆشەکانی پێ شیفا دەدا، بەڵام نەخۆشەکان بە خواردنەوەی ئەو ئاوە نەخۆشتر دەبوون. دیارە ئەو ئاوەی بەمنیش دا، بەڵام من کاتێک چاکبوومەوە کە باوکم بە دەرمانی پزیشک منی چارەسەر کرد، من باوکم پزیشک بوو.

باوکم هانی دەدام خویندنی سکیولار (نا ئیسلام) م هەبێت، من لەبارەی (بیگ باگ) گەشەو پیکهاتەی خۆرەوە خوێندم و فێربووم، لەبەر هەمان هۆ سەبارەت بەوەی خوا لە شەش رۆژدا تەواوی جیهانی دروستکردووە، دەربارەی داستانی ئادەم و حەوا و سوڕانەوەی خۆر بەدەوری زەویدا، وە ئەوەی کێوەکان وەکو بزمار بالانسی زەویان راگرتووە و شتی تر... بەتەواوی بروا بوونم بە ئیسلام لەدەستدا. دایکم لەمنی دەویست، کەسەبارەت بەخوا پرسیار نەکەم و کوێرانە باوەری پێبهێنم. دواتر قورعانم خوێندەوە، دیارە دیراسەیەکی قوڵم کرد، بۆئەوەی لە تەواوی ماناکانی تێبگەم... بینیم قورعان بەتەواوەتی بێ پایەو بێ بنەمایە. قورعان کە بەملیۆنەها کەس باوەریان پێیەتی، لە کۆیلەتی و نایەکسانی نێوان ئینسانەکان و خەڵک، راشکاوانە بەرگری دەکات. ئەمە لەکاتێکدایە، لە وڵاتانی تردا یەکسانی ژن و پیاو بە وینەی مافێک بە فەرمی ناسراوەو مانگیش لەلایەن ئینسانەوە بەکاردەهێنرێت.

لە قورعاندا پیاو مافی هەیە چوار ژنی هەبێت، مافی تەڵاقی هەیە، دەتوانی لەگەڵ ژنانی کۆیلە سیکس بکات و ژنەکانی خۆیشی دارکاری بکات. لەبەرامبەردا ژنان دەبێت لەشیان دابپۆشن، چونکە ئەوان تەنیا وەکو کاڵایەکی سیکسی و وەسیلەی لەزەتی پیاوان سەیر دەکرێن. ژنان بێبەشن لەمافی تەڵاق، میراتی یەکسان و شایەتی دان لەگەڵ پیاواندا. من تێگەیشتم کە الله بۆ موسوڵمانان و نەفرەتکردن لە ناموسوڵمانەکان و کوشتنی هەڵگەراوەکان، لە ئیسلامدا حەڵاڵە.

من قورعانم خستە کەنارەوەو سەیری چوار دەوری خۆمم کرد. من دینم لە ژیانی واقعی و رۆژانەی خۆمدا، بی ئەندازە ستەمکارانە بینیەوە. من تیگەیشتم کە ناڕەوایی و بێمافی سەرچاوەگرتوو لە دین، بەتایبەت لە وڵاتە موسوڵمانەکاندا، روو لەزیادبوونە.

بەهەست و ئاگایەک کە بەدەستم دەهێنا، تێدەگەیشتم کە دین پێکەنیناوییە، چونکە ریگری بیرکردنەوەی ئازادانەی ئینسان و هۆش و عەقڵیەتی ئەو دەبێت. باوکم منی فێری ئەوەکرد، کە بەهیچ شتێکی بێ هۆ بڕوا نەکەم. منیش هەر ئەوکارەم کرد. من نەمدەتوانی بەدین و خوا بڕوا بکەم، بۆیە بووم بە بێ خودا. لە کۆتایشدا قەڵەمەکەم هەڵگرت و دەستم کرد بە نووسین دژ بەدین و تەواوی خورافاتە مەزهەبیەکان. من دەستم دایە ئاشکراکردنی تاوانەکانی مەزهەب، بەتایبەتیش بێ رەوایی و ستەمێک کە بەرامبەر بە ژنان دەیکەن. من بینیم چون ئیسلامیەکان وەکو ئاژەڵ یان کویلەی چەرخە کۆنەکان لەگەڵ ژناندا رەفتار دەکەن. من دەربارەی هەموو ئەوانە نووسیم و هەربەوهۆیەوە روبەرووی هێرش و پەلاماری فیزیکی و زمانی پیسی مەزهەبیەکان بوومەوە. ئەوان چەندین جار لە دادگا سکاڵایان لەسەر تۆمارکردم. منیان بەهەڵگەراوە لە دین لەقەڵەم داو چەندین خۆپیشاندانیان لەدژم وەرێخست و مەراسیمی هەڵواسین و لەدار دانی منیان نمایش کرد. ئەوان چونە سەر نوسینگەی ئەو رۆژنامەیەی من ستونێکم تیایدا دەنووسی، تێکوپێکیان داو دژی سەنووسەر و بڵاوکراوەکە لەدادگا سکاڵایان تۆمار کرد. تورەیی کەسانی مەزهەبی لەدژم هێندە زۆر بوو، بەناچار وڵاتم جێهێشت.

من لەیەکێک لە هەژارترین وڵاتانی جیهاندا ژیانم دەکرد. من بینیم چۆن مەزهەب ستایشی هەژاری دەکرد و بە سەریدا هەڵیدەدا، چۆن خەڵکانی هەژار دەچەوسێنرانەوە. دەڵێن هەژاری بۆ سەر زەوی نێردراوە، تا بەژیانی پر لە بەدبەختی و دواکەوتووی خۆیان باوەر بەخوا بهێنن. من هیچ خوێندنێکی مەزهەبیم نەدی کە خوازیاری چارەسەری هەژاری بێت، بەڵکو دەوڵەمەندان راسپێردروان بە بەخشینی پارە بە هەژاران بە شێوەی دایکە تریزا، خوا رازی بکات. هەژار دەبێت هەژارو بەدبەخت بمێنێتەوەو هەلپەرستان بەکەڵک وەرگرتن لەوان بلیتی بەهەشت ئامادەبکەن.

من ئیسلام و ئیسلامی بونیادگەرا "ئیسلامی سیاسی" بەیەک ئەندازە دەخەمە بەر رەخنە. من جیاوازی لە نێوانیاندا نابینم. من دین وەک ریشەو سەرچاوەیەک دەبینم کە بنیادگەرایی بەناونیشانی پێشەنگێکی خۆیان ژەهری لێ هەڵدەمژن. ئەگەر ئێمە بونیادگەرایی بخەینە کەنارەوە، بەڵام دین بهێڵینەوە رۆژێکی تر جۆرێکی تر لە بونیادگەرایی گەشەدەکات و پەیدا دەبێت. بەپێچەوانەی هەندێک لە رۆشنبیرانی لیبرال کە بەرگری لە ئیسلام دەکەن و گوناحەکە دەخەنە ئەستۆی بونیادگەراکانەوە، بە بڕوای من ئەوە ئیسلامە کەستەم لەژنان دەکات، ئەوە هەرئیسلامیشە کە دژی دیموکراسی و مافی ئینسانە.

من خواو و بێرەحمی و ناپیرۆزیم قبوڵ نییە، من ویژدانی خۆمم هەیە کە باوەری پێبەخشیم کە لە کۆمەڵگەیەکی پشت ئەستور بەیەکسانی و عەقلانی پشتیوانی بکەم. دین سەرچاوەی فەناتیزم، رژاندنی خوێنی خەڵکی، کینە، راسیزم، ناکۆکی و جەنگە. تەنها ئینساندۆستی دەتوانێ ئینسانیەت بە ئینسان ببەخشێت و دنیایەکی مایەی ژیان کردن بەدی بێنێت.

**من بێخودام، باوەرم بە بەنوێژ و دوعا، نییە. من باوەرم بەکار هەیە. کاری منیش کارێکە کە بەناونیشانی نووسەرێک دەیکەم... چەکی من قەڵەمەکەمە.**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەكی تایبەتی بۆپێشەوەیە كە لەهەر ژمارەیەكدا بابەتێكی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێكستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەكاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

**ئامادەكرنی گۆشە: كاوان قادر و هیوا ساڵح، حەكیم میرزا**

# "خۆڵەمێش"



## ن: هەژیر نینا

"تێكی خۆر گەرمایەكی بەتینی بەجەستەی شار بەخشیوە؛ جمۆجۆڵی مرۆڤەكان شەقام و كۆڵانی تەنیوە، هەر كەسەو باسی نمایشی " شانۆی خۆڵەمێش دەكەن" كە قەرارە ئەم ئێوارەیە نمایش بكرێت، خە ڵك هێندە بەتامەزرۆیەوە باسی دەكەن، لەوانەیە تاكو ئێستا شار شانۆی وای بەخویەوە نەدیوە، كە سەیری دارو دیواری ئەم شارە دەكەی بە پۆستەرو لافیتەی ڕەنگاو رەنگی جوان ڕازاوەتەوە و دیمەنێكی تایبەتی بە شار بەخشیوە.

دەرهێنەری شانۆكە پیاوێكی چل و سێ ساڵەیە، كە لە چاوپێكەوتنێك لە گەڵ یەكێك لە رۆژنامەكانی ئەم شارە باس لەوە دەكات كە نزیك چوار ساڵە خەریكی نووسینی ئەم بەرهەمە شانۆیە بووە، هەروەها باس لەوە دەكەن كە دەسەڵات زۆر بەگەرمی پێشوازی لەم دەرهێنەرە كردوە و پارەیەكی باشی بۆ ئەم شانۆیە تەرخانكردوە و بە ڵێنی بەجەماوەر داوە كە هەر كەس پێ خۆش بێت بەخۆڕای دەتوانێ بڕوات سەیری ئەم شانۆیە بكات، لەبەر ئەوەی مەسئوولیەتی لەسەر ئەركی دەسەڵاتە، بۆیە كاتێك سەیری دەم و چاوی خەڵكم دەكرد، بە ڕوخسارێكی گەشاوە لەیەكتریان دەڕوانی و سڵاویان بۆ دەسەڵات دەنارد، پیاوێكی تەمەن ٦٥ ساڵە بەلامدا تێپەڕی و لەبەرخۆیەوە وتی: خوایە تۆ خۆت و خۆشەویستی خۆت ئەم دەسەلاتەمان لێ نەستێنی و بۆمانی بهێڵی، لەم قسانەدا بوو كە منالێكی تەمە ن ١٠ ساڵان كە لە دنیای منالی خویدا یاری دەكرد، دەنگێكی سەیری لە میزڵدانەكەی هێنا و هەلات، پیرە پیاوكە ئەو دیمەنەی بە دڵ نەبوو بە تووڕەیەوە وتی: ئەك عەمەر درێژ نەبیت رۆڵە ناوسكم بەرەو بۆوە، كە ئەمەم بیست زۆر پێكەنیم و لەبەرخۆمەوە وتم ئەمەیە شانۆ!

منیش وەك ئەو خەڵكە چاوەڕێی نمایشی شانۆكەم دەكرد، ئاخری توانیم ئەم شانۆیە ببینم، ئێوەش ئێستا دەتوانن تەماشای كەن.

"پەردەی یەكەم"

بێباك: من ناوم بێباكە كوڕی رەنج و ئازارم، زۆر داوای لێبوردن دەكەم، لێتان تێك نەچێ، مەبەستم ئەوەیە كە لەگەڵ مەینەتی ڕۆژگار گەورە بووم، لە ڕاستیدا من كوڕی ئەبوبەكرو فاتیمەم، ئای دایە گیان زۆر بیرت دەكەم لەوەتەی لەوان دوور كەوتووم، شە و نییە خەونیان پێوە نەبینم.

ئای بیرم هاتەوە، دوێنێ شەو خەونێكی خۆشم بە دایكمەوە بینی؛ دڵنیام لە گێڕانەوەی ماندوو نابن..

بێباك: باشە من خەونەكەم نەگێڕاوەتەوە ئەو ژنە بۆ دەگری؟ هۆڵەكە بێدەنگ بوو، لە ناو هۆڵەكە ژنێك دەڵێت ئەی دایكت بمرێ!!

بێ باك: بەدەنگی بەرز ، ئاخر بۆ دایكم بمرێ؟ دایكم لە شاییەكەمدا سەمای دەكرد، من و بووكەخان قۆڵمان لە قۆڵی یەك كردبوو دەتگوت دنیای ئێمەیە، جارجارەش دایكم هەل هەلەی لێ ئەدا، باوكیشم زەردە خەنەیەكی شیرینی دەكردو زۆر بە دڵێكی شاد لێمانی دەڕوانی، كچان و كوڕانی گەنج بەڕەش بەڵەك عەرزیان وە لەرزە خستبوو، من و بووكەخانیش لە خەڵكمان دەڕوانی و بەخێرهاتنی میوانەكانمان دەكرد، كە داچەڵەكیم!

خۆم لە ژوورەكەمدا بینیوە كە خۆم و هاوڕێكەمی لێ بووین.

بەڕیزان!

ئەوە چوار ساڵە من لەم شارە دەژیم لەم نیشتمانە پان و پۆڕە، هەموو بەیانێك كە لە ماڵ دێمە دەرێ سڵاو، سڵاو بارانم دەكەن، ئەزانن من دوای ئەم چوار ساڵە چ پیشەیەك هەڵدەبژێرم؟

كەسێك لە نێو جەماوەر: ئەبیت بە ئەكتەر؟

بێباك: هاهاها ئێستا ئەكتەرم، باشتر وایە خۆم بیلێم، من دەبم بە دكتۆر، ئەم چوار ساڵە حكوومەت پاڵپشتم بووە، لە باشترین زانكۆ دەرسم خوێندوە، ئەوەی پێداویستی ژیانم بووە، دەسەڵات بۆی دابینكردووم، لەوە خۆشتر با بۆتانی باس بكەم، ئێوە هێشتا ئەم دەسەڵاتەتان نەناسیوە، زۆر پلانی باش و گرنگی لە دەستووری كاری خویدایە، لە ماوەیەكی نزیكدا هەلی پیشە بۆ هەموو تاكی ئەم كوردستانە دەڕەخسێنێ، ئەوی بێكاریش بێت لە بیمەی بێكاری كەڵك وەردەگرێ، هیچ منالێك لە بازاڕی كاردا ئیتر نابینین، ئەو هەموو مزگەوتە كە لەم شارەدا هەیە، قەرارە هەمووی برۆخێنن، بەس دوو مزگەوت دەمێنێ ئەوانی تر دەكرێن بە قوتابخانە و شوێنی وەرزش، كەس لەمەودوا نابیسێ كە لەم شارە ژنێك بكوژرێت، ئیتر دەرسی ئایینی لە قوتابخانەكان ناوترێتەوە، ئەوی حەزی لێ بێ دەتوانێ لە ماڵەكەی خویدا جێبەجێ بكات.

لەپڕ دەنگی چەپڵە و فیكە هۆڵەكەی داگرت، نزیك سێ دەققە چەپڵە بەردەوام بوو، دوای كە هۆڵەكە بێدەنگ بوو، كابرایێكی ڕیش درێژ هاتە... سەر تەختەی

بۆ لاپەڕە 15

# گۆشەی ئەدەب و هونەر



## بەشێكی تر لەدەقی قسەی من بۆ مردویەك

ئەوە كێیە بەم نیوەشەوە
ئێسك قورسە فوو لەمۆمەكانم
دەكات
بەردەگای بەتەنیایم گرتووەو
هەڕەشەی كووشتنم لێدەكات
حەزم لەخواردنەوەی قاوەێكە
حەزم لەبێدەنگیەكی ڕەش پۆشە و
حەزم لەگۆرانیەكە
كەسەرم پڕكات لەهاتوو چۆی
بەیانیەكی بێسەرپۆش
لەعەسرێكی بێ ستیان
لەئێوارەیەكی ڕووتوو قوت
زۆر سەیرە حەزدەكەم دەرسی
خۆكوشتن بخوێنم
خەریكە ئەبم بەخواو
لەكراسەكەی خۆم بێمەدەرێ

ئەوە كێیە بەم نیوەشەوە
بەد مەستە لەدەرگاكەم ئەدات
من لێرەنیم
سەرقاڵم بەناشتنی تەرمەكەی خۆمەوە
سەرقاڵم بەو شتانەی تۆبیری
لێناكەیتەوەو
منیش بۆم ناخرێتە ڕستەوە

بیری دایكم دەكەم
ئەم لەرزو تایە نەفەسی لەبەر بڕیوم
لەبەر خۆمەوە قسەدەكەم
نازانم باران بۆدەبارێت
ڕەشەبا بۆ هەڵدەكات
پەنجەرەی ئەم ژوورە دووكەلاویەم
بۆناكرێتەوە
دەمێكە دایكم نایێتە خەوم و
پێمناڵێت لەژێر كراسەكەتەوە
چاوم لەلێدانی دڵتەو
ڕۆحت دەبینم
ئەوەكێیە بەم نیوەشەوە
ئەیەوێ سەرم بەرێتە دەرەوەو
بەدرواسێكانم بڵێت
ئەم ماڵە بۆگەنی كردوە
حەزم لەخواردنەوەی قاوەیەكە
ئەمەوێ لەپێستەكەی خۆم بێمەدەرێ و
بەهەردوو دەست بەم بەسەری خۆمداو
خۆم بەنەعلەتكەم
خۆم بەرد بارانكەم
نازانم من شێتم یان لێرە بەفر نابارێت
دایكم سەرپۆشەكەی پڕكردووە
لەسێبەرەكەی من و
بەكۆڵانەكاندا دەگەڕێت و
هاوار دەكات
ئەرێ كەس خاوەنی ئەم سێبەرەی
نەدیوە بێرەدا بڕوات
كەس ئەم هەناسەیە ناناسێتەوە
ئەم غەریبە بەلاتانەوە
غەریب نییە
حەزم لەخواردنەوەی قاوەیەكە سەر
پڕكات لەتۆ و
دڵخۆشی دایكم باتەوە
بنوسە گیانەكەم بنوسە هەرچی
ئەنوسیت بنوسە
بەس مەنوسە خۆشمدەوێیت
..............

**میرزا**

**١٨/٥/٢٠٢١**

گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا سالّح، حەکیم میرزا

دەمەتەقێ

# گفتوگۆی هونەرمەند کاوان قادر لەگەڵ هونەرمەند هیوا سالّح



کاوان قادر : سڵاو هاورِێ هیوا ماندوو نەبیت، دەڵێن (هونەر لە میسر سەری هەڵدا، لە لوبنان گەشەی کرد، لە عێراق دفن کرا) تۆ لە کێشانی ئەو تابلۆیەی عادل ئیمام ئەکتەری بەناوبانگی دونیای فیلم وشانۆگەری بابەتێکی گەورەت وروژاندووە، من لەڕوی هەڵسەنگاندنی هونەرییەوە قسە ناکەم، سەبارەت بە کۆمێنتەکەت کەلەسەر تابلۆکە داتناوە قسە دەکەم، تۆ دەتەوێت بڵێی قوتابخانە هونەرییەکان تەنها شوێنێک نییە بۆ پەروەردەکردنی بەهرە هونەرییەکانمان من هاوڕام لەگەڵتا، لە هەمان کاتدا منیش پێم وایە قوتابخانە هونەرییەکان لایتێکن، یاخود با بڵێین وەسیلەیەکن بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگەکان، ئەوەی دەمێنێتەوە هەوڵی جدی ئینسانەکان خۆیانە تا لەو بوارەدا بچنە پێشەوە و گەشە بکەن، مەبدەئییەن لەگەڵتم بەشێوەیەکی گشتی بۆ زۆر بوار وایە، هەوڵ وجدی بوون گرینگە ئەمە حەقیقەتە، بەڵام هەمووکەس ناتوانێت لەگەڵ ئەو واقیعەدا شەڕ بکات، هەندێک کات ئەوە شەڕی کۆمەڵگەیە نەک تاکە

**ئەستێرەی بەناوبانگی میسری عادل ئیمام پێی نایە تەمەنی ٨١ ساڵیەوە... ئەو هونەرمەندەی لەدەرچووی کشتوکاڵیەوە بوو بەخاوەنی گەورەترین شکۆمەندی دنیای فیلم و شانۆگەری... ئەمە باشترین سەلماندنە کە قوتابخانە هونەریەکان تەنها ڕێگەیەك نین بۆ پەروەردەکردنی هونەرمەند. بەڵکو کاتێ ئینسان ئیرادە بکات دەتوانێت ئارەزووەکانی بەدی بهێنێت و درەنگ و زوویی بۆ نییە. بڕوانامە لەپەروەردەکردنی بەهرەکانماندایە، نەك مەیدانەکە..**

**کەس، بەداخەوە هەزاران خەون دەچنە ژێرچاڵەوە، زۆرجار تەسلیم ئەبن و ناچنە ئەو ململانییەوە، من و تۆ ئەوەمان لە پەیمانگە بینی تەنانەت زۆرکەسمان بینی تا نیوەی ڕێگە هاتن و کوژانەوە زۆر کەسمان بەتوانایەکی بەرزەوە بینی، بەڵام ئەو فرسەتەیان بۆ نەڕەخسا بەردەوام بن، کەواتە ئەوەی تۆ باسی دەکەیت لەهەمان کاتدا (ئیرادەیە) واتە کلیلی بەدیهاتنی هەموو خەونەکان...**

**هیوا سالّح:** بەڵێ دروست ئەمە وایە هیچ شتێک موتڵەق و موستەحیل نییە، بەدیهاتنی خەونی هەموو ئینسانێک پەیوەستە بەگوێرەی هەوڵ وتێکۆشانییەوە، تەنانەت ئەگەر وێنەیەکی گەورەتر بۆ سەلماندنی ئەو حاڵەتە بدەین بەدەستەوە ئەوەیە هیچ مەرحەلەیەک و قۆناغێک لە مێژووی بەشەرییەتدا بەبێ هەوڵ وخەباتکردن بۆی بەدی نەهاتوە و هیچیش بەبێ هەوڵدان حەتمی نییە، ئەگەر لە باسەکەم دوور نەکەومەوە کەم نین ئەوانەی بەجدی کاری هونەری دەکەن و بە مانای کەلیمە هونەرمەندن، دەرچوی زانکۆ وپەیمانگەکانیش نین و بەهرەکانیان پەرە پێداوە و چالاکن، تەنانەت هیچ ئەکادیماو چوارچێوەیەک لە قاڵبی نەداون و مەبەست و ئامانجەکانیان دەگەیەنن، بە بەراورد بەو چەندایەتییەی کە قوتابخانە هونەرییەکانیان تەواوکردووە ناتوانیت بڵێی جێ دەستیان دیار نییە. ڕاستە ڕێبازە ئەکادیمییەکان شوێنێکە و هەلومەرجەکەو هاوکارە بۆ پەروەردەکردن، من بەشێوەیەکی گشتی باسی دەکەم، نەک تەنها لای خۆمان لە هەموو دنیادا هەروا بووە. بەڵام بەداخەوە لای ئێمە خراپتر، هەموو شتێک مانایەکی جیاوازی هەیە خۆی دەسەڵات فەرهەنگی نییە تا ئیهتیمام بە فەرهەنگ بدات و دەستگیرۆیی بەهرەمەندان بکات، ئینسان ئەگەر بواری پێ بدرێ خەلاقیەت و داهێنانی سەرسوڕهێنەرە، ئەمە ئیتر گۆشەیەکی ترە لەخوارو خێچی ئەو سیستەمە لە هەموو دنیادا، ڕەنگە ئیتر ئەوە باسێکی تر بێت، دەمەوێت ئەو خۆش خەیاڵییە برەوێنمەوە کە پێمان وابێت قوتابخانەکان وەک قاڵبێکی کولیچە هونەرمەند بەرهەمدێنن، ئەوە هەوڵ و تەقەلای کەسەکان خۆیانە لە قوتابخانەی هونەری بێت یاخود نەبێت، هەروەک چۆن عادل ئیمام هیچ قوتابخانەیەکی هونەری نەخوێند، ئەو بلیمەتەی لێ پەیدابوو لای خۆمان و لە جیهانیشدا لەو نمونانە زۆرن، من با ئەوەش بڵێم کاتێک دەڵێم ژیان بێ مانایە مەبەستم ئەوەیە کەهیچ ئینسانێک بەگوێرەی تواناو بەهرەکانیان هەڵسوکەوتی لەگەڵ ناکرێت، بەڵام ئیتر ئەوە بەشێکە لە ژیانی ئینسانەکان لە سیستەمی نا دادپەروەری سەرمایەداریدا ، ململانێ ئەو گرێ کوێرەیە یەکلایی دەکاتەوە کە ئینسانەکان بەسەریاندا سەپێنراوە، ئەو مافە بەدەست دێنێتەوە کە لێی سەندراوەتەوە...



شیعر: مەحمود دەرویش

وەرگێر لە فارسیەوە: خالید بایەزیدی(دلیر)

***شەڕ کوتایی پێ دێت...***

وە ڕێبەران سەرقاڵی گفتوگۆیەکی گەرمن
ئەوەی کە دەمێنێتەوە
ئەو دایکە پیرو پەککەوتوەییە
کە چاوەڕێ گەڕانەوەی
تەرمی ڕۆڵە شەهیدەکەیەتی
وە ئەو کیژە شۆخ و شەنگەی کە
چاوەڕێیە خۆشەویستەکەی بێتەوە
وە ئەو منالانەی کە چاوەڕوانن
کە باوکە قارەمانەکەیان بگەڕێتەوە
نازانم : چ کەسێک وڵاتەکەی فرۆشت
بەڵام دیتم : چ کەسێک بەهاکەی دا...؟!


**وەرگیر: خالیدبایە زیدی (دلیر)**

**وەرگیر لەفارسییەوە**

**شیعر: پابلو نیرۆدا**

## "هەژاری"

**تۆ ناتەوێ
تۆ ترساوی
لە هەژاری...!
تۆ ناتەوێ
هەنگاوبینیی شەقام بە پێڵاوی کون
وە بڕۆیتەوە ماڵەوە
بە هەمان کراس
خۆشەویستەکەم
ئێمە بەو شێوەیەی کە دەوڵەمەندەکان دەڵێن
بەدبەختی وچارەرەشیمان خۆش ناوێ
ئێمە هەژاریمان
وەک ددانێکی رزیوو
کە تاکوو ئەوڕۆ برینی ئینسانی کولاندۆتەوە
دەری دەهێنین وفڕێی دەدەین
بەڵام!
نامەوێت بترسیت
ئەگەر بەهۆی منەوە هەژاری بێتە ماڵەکەت
ئەگەر هەژاری پێڵاوی بلورینت لەگەڵ خۆی ببا
بهێڵە هەموو شتێک لەگەڵ خۆی ببا
بەڵام!
پێکەنینەکانت نا....کە نانی ژیانە
ئەگەر ناتوانی کرێی ماڵ بدەی
بەدڵێکی پڕ لەغرورەوە
بەدوای ئیش بگەڕێ
دە لەبیرت بێ ...ئەوینی من
کە من لەگەڵ تۆم
ئێمە لەگەڵ یەک گەورەترین سەروەتین
کە لەسەر زەوی کۆمان کردۆتەوە**



# سەرلێشێواوی مافیاكانی دەسەڵات و گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەكانی ئێران

## نووسینی: هەتاو عەبدوڵاهی

هەڵبژاردنی ئازاد بە هەڵبژاردنێک دەوترێ کە پاڵێوراوانی خەڵکی لە ژێر سیستمێکی عادلانە هەڵدەبژێردرێن، تا لە ئاکام دا تاکەکان بتوانن بەو جۆرەی کە خواستیانە ستراکتۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتەکەیان بگۆڕن و ئاڵوگۆڕی ئەرێنی پێک بێنن. هەڵبژاردنێک کە خەڵک بەرێوەبەری سەرەکی خودی خەڵکە و هیچ فێڵ و تەڵەکەیەکی تێدا ناکرێ. لە بارودۆخی ئێستادا کە سەرمایەداری بەسەر ژیانی مرۆڤەکاندا زاڵە دەتوانین بڵێین لە هیچ وڵاتێک هەڵبژاردنی بێ فێڵ و تەڵەکە کە نوێنەری راستەقینەی خەڵک هەڵبژێردرێ ئەنجام نادرێ. چوونکە لە ڕاستیدا تا دەسەڵات بەدەست دەوڵەت بێ و پەرلەمان کە بەڕێوەبەر و پارێزەری دەسەڵاتە بە هەموو جۆرەکانی لە سەر کار بێ، ناتوانین باس لە ئەوە بکەین کە ئەو هەڵبژاردنانە خەڵکین. بێگومان تەنیا حاکمیەتی شوراییە دەتوانێ وەلامدەری ویست و داخوازی خەڵک بێ. هەر بەو جۆرەی ئاماژەمان پێ کرد هەڵبژاردنەکان لە هەموو وڵاتان بەرێوەدەچێ بۆ گۆڕینی ستراکتۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی هەرێمەکان. بەڵام لە وڵاتانی دیکتاتۆر لێدراو کە حاکمیەتی دیکتاتۆری هەیە کێشەکە قوڵترە، چونکە لەراستیدا پاڵێوراوان هەر لە سەرەتاوە لەلایەن حاکمیەتەوە دەست نیشان کراون و هەڵبژاردنەکان لەو وڵاتانە درۆیەک زیاتر نییە بۆ بە لارێدابردنی بیروڕای گشتی. وەکوو وڵاتانێکی وەک سوریە و ئێران کە هیچ پێوەرێکی دیموکراسی تێدا بەدی ناکرێ. وڵاتی ئێران دوای بەلارێدابردنی شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنە سەرکاری رژیمی خوێنڕێژی کۆماری ئیسلامی بە سەرۆکایەتی خومەینی تا بە هەنووکەش هیچ هەڵبژاردنێکی ئازادی بە خۆیەوە نەبینیوە. لە ئێرانی ژێر حاکمیەتی کۆماری ئیسلامی هیچ جۆرە ئازادیی ڕادەربڕین بوونی نییە. کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاریەوە هەر دەنگێکی ئازادیخواز و جیابیری لە گەروودا کپ کرد و بە زیندان و ئەشکەنجە و ئیعدام وەلامی داوەتەوە. هەر کات هەر تاکێکی ئازادیخواز دەنگی لە بەرامبەر زوڵم و زۆری کۆماری ئیسلامی هەڵبڕیبێ ڕووبەڕوی زیندان و ئەشکەنجە و ئیعدام بۆتەوە. لە بارودۆخی ئێستادا کە کۆماری ئیسلامی گلۆڵەی کەوتۆتە لێژی و پایەکانی دەسەڵاتە نەگریسەکەی لەرزۆک بۆتەوە دەستی داوەتە ئیعدام و ڕەشبگیری و ڕۆژ نییە خەڵکی بێ تاوان و وەزاڵەهاتووی ئێران لەژێر تاوانی جۆراوجۆرو داتاشراو تێرۆر و ئیعدام نەکا. لەو ساڵانەی دوایدا سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامی لە لاوانی شۆڕشگێر و ئازادیخواز، چالاکانی مەدەنی و ژینگە پارێز و مافی ژنان ئاخێنراوە و زیندان و ئەشکەنجە و ئیعدام وەلامی داخوازیی رەوایانە. لەوەها سیستمێکدا چۆن دەتوانین چاوەڕوانی هەڵبژاردنێکی ئازاد بین. ئەوەی جێگای سەرسوورمانە لەو سیستمە دیکتاتۆرە کە پاڵێوراوانی دەبێ بە فیلتەری دەولەتی بەتایبەت شورای چاوەدێر ڕەت بن، ئەگەر تەنانەت فیلتەرەکانیش ڕەد کەن شەخسی خامنەیی وەک یەکەم دەسەلاتداری ڕژیم دەتوانی پاڵێوراوان رەدی سەڵاحیەت بکات، هەر ئەو کارەی ئەو ماوە لەگەڵ چەندین پاڵێوراوی حکومەتی کە هەر کامەیان مێژوویەکی ڕەشیان لە ڕەشبگیری و ئیعدامی خەڵک لە ئێران بووە لەوانە لاریجانی و ئەحمەدی نەژاد کرد. ئەوەی وەک شانۆیەکی گاڵتەجاری دەتوانین باسی بکەین پاڵێوراوێکی وەک ئەحمەدی نەژاد لە ماوەی دەسەلاتە دژی خەڵکیەکەی لە هیچ تاوانێک بەدژی خەڵک سڵی نەدەکرد، ئێستا هاتووە بۆئەوەی خۆڵ لە چاوی خەڵک بکات و ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن کایە دەکات و وەک ئەکتەرێکی کۆمێدیێ هاتووە ساحەی مەیدانەکەوە .ئەوەی کە زۆر مەترسیداریشە هێنانی سیمای خوێنڕێژ و دژە مرۆڤ و تاوانباری وەک رەئیسیە کە ساڵەهای سالە بڕیاری ئیعدامی ئازادیخوازانی ئەو وڵاتە دەدات و دەستی بە خوێنی خەڵکی ئێران سوورە و مێژویەکی ڕەشی لە بواری تاوان بە دژی ئازادیخوازان بۆ خۆی تۆمارکردووە و یەکێک لە مەلا توندرەوەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، ئەوە روهەڵماڵراوی کۆماری ئیسلامی و شەخسی خامنەیی خوێنرێژ دەگەیەنێ. هەرجارە و لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکانی کۆماری تێرۆر و تاوان بە پلانی لە پێشدا دارێژراو پرسێک دەوروژێنن تا خەڵک بەلارێدا بەرن و بە هەر جۆرێک کە بۆیان بلوێ خەڵک دێننە سەر سندوقەکانی دەنگدان. ساڵەهایە بەو سیستمە هەرەشە لە خەڵک دەکرێ کە ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدار نەبن ڕووبەرووی زیندان و ئەشکەنجە دەبنەوە و هیچ خزمەتگوزارییەکی دەولەتی کە سەرەتاییترین مافی تاکەکانی کۆمەڵگەیە نایانگرێتەوە. بارها بووە بەهۆی بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردن لاوانی ئەو وڵاتە ڕێگایان پێ نەدراوە بچنە زانکۆ و تەنانەت لە خوێندنیش بێبەش کراون. لەو کاتەوە کۆماری سێدارە باڵی ڕەشی بەسەر ژیانی تاکەکان لە ئێران کێشاوە زیندان، ئەشکەنجە، ڕەشبگیری، توندوتیژی و ئیعدام، هەژاری لە ڕادەبەدەر، دیاردە کۆمەلایەتیەکان بەرۆکی خەڵکی گرتووە و بارودۆخی خەڵک ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێ. ژنان کە رێژەیەکی بەرچاو لە خەڵکی ئەو وڵاتە پێک دێنن تەنانەت لە بچووکترین مافی سەرەتایی کە پۆششە بێ بەشن. ژنانی ئێران خاوەن هیچ مافێکی شارۆمەندی نین و وەک شارۆمەندی پلە دوو حیسابیان بۆ دەکرێ و لەلایەن یاسای بنەڕەتی ئەو وڵاتە حوکمی ناڕەوای کوشتن و بەردبارانیان بە تاوانی خۆشەویستی بۆ ڕەوا کراوە. کۆماری سێدارە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە بە دانانی یاسا و رێسای سەدە ناوەڕاستی کە هەموو سەرچاوەگرتوو لە شەرع و ئایینی قیزەونی ئیسلامە هەموو تاوانێکی بە دژی ژنانی ئەو وڵاتە بەڕێوەبردوە و تا بە هەنووکەش ئەو ڕەوتە هەر بەردەوامە، وەک دەبینین لەو ڕەشبگیریانەی ئەم ساڵانەی دوایدا ڕێژەیەکی بەرچاو لە ژنانی چالاک و ئازادیخواز دەبیندرێ کە تاوانیان تەنیا و تەنیا داواکردنی مافی رەوا و مرۆڤیانە. لە وەها سیستمێکدا چۆن دەتوانین باس لە پێوەری دیموکراسی تەنانەت دیموکراسیی بورژوازیش بکەین. ئەوەی ئێستا جێگای دڵخۆشیە ئاستی وشیاری خەڵک چووە سەرێ و خەڵک بە هەموو چین وتوێژەکانی چیتر فریوی ساختەکاری و گاڵتەجاڕی ڕژیم ناخۆن و باش دەزانن تا کۆماری ئیسلامی لەسەر کار بێ هیچ هەڵبژاردنێکی ئازاد کە پاڵێوراوان نوێنەری راستەقینەی خەڵک بن بوونی نییە و بەشداریان تەنیا خۆڵ لە چاوی دنیای دەرەوە کردن بۆ سانتاژ وپڕوپاگەندەیە. هەرجارە کەسێک لە مۆرەکانی ڕژیم بە خواستی دەسەلاتدارانی یەکەم دێتە سەر کار و مۆرەکانی نیزیک بە خۆی لە کابینە دادەنێ و هیچ کارێک بۆ خوشگوزەرانی و دابینبوونی پێداویستی و خوشگوزەرانی خەڵک ناکرێ، بەڵکوو بەشی خەڵکی وەزاله هاتوو تەنیا هەژاری لە ڕادەبەدەر، دیاردە کۆمەلایەتیەکان و نەبونی ئەمنیەتی ماڵی و گیانی و تێرۆر و ڕەشەکوژییە. لەوەها سیستمێکدا کە مرۆڤەکان هیچ مافێکی مرۆڤی و ئازادی رادەربڕینیان نییە چۆن دەکرێ چاوەڕوانی هەڵبژاردنێکی خەڵکی بین کە خەڵک خۆیان چارەنوسی خۆیان بە دەستەوە بگرن. ئەگەر کۆماری ئیسلامی بڕوای بە هەڵبژاردن هەیە باش دەزانێ ساڵەهای ساڵە خواستی خەڵک لە گۆڕنانی کۆماری سێدارە و تاوانە...

# لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبوەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

* هیچ بابەتێک بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...

* بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی و رێنووسی ئەو بابەتانەی بۆی دێت... هەڵەبڕی ئەرکی خاوەن بابەتەکانە...



## سالار سۆفی: لە سیستەمێکی تەندروستی پەروەردەدا، منداڵ خوێندنگەکەی خۆش دەوێت، مامۆستا و هاوپۆلەکانی خۆش دەوێت. منداڵ لەوێدا، کەسایەتییەکی سەربەخۆی خۆی هەیە و بڕوای بە خۆی و بە تواناکانی هەیە...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز سالار سۆفی وانەبێژی زانکۆ لە فنلەند، بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی منالانەوە...

**بۆپێشەوە: سیستەمی پەروەردە چ کاریگەرییەکی لەسەر منالان هەیە؟**

**سالار سۆفی:** کاریگەریی سیستەمی پەروەردە بەپێی جۆرایەتیی ئەو سیستەمە دەگۆڕێت، کە لە هەر وڵاتێکدا یان ناوچەیەکدا جێبەجێ دەکرێت. سیستەمێکی تەندروستی پەروەردە، واتا گەشەکردنێکی دروستی جەستەیی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و زانستی، لەپێناوی خۆشگوزەرانیی منداڵ و داهاتوویەکی گەشتر بۆ خۆی و بۆ کۆمەڵگەش.

لە سیستەمێکی تەندروستی پەروەردەدا، منداڵ خوێندنگەکەی خۆش دەوێت، مامۆستا و هاوپۆلەکانیی خۆش دەوێت. منداڵ لەوێدا، کەسایەتییەکی سەربەخۆی خۆی هەیە و بڕوای بە خۆی و بە تواناکانی خۆی هەیە. لەوێدا منداڵ خاوەنی بیروڕای خۆیەتی و بەپێی تەمەنی خۆی بەرپرسیارێتیش هەڵدەگرێت. لە سیستەمێکی تەندروستی پەروەردەدا بوار بە گەشەکردنی تواناکانی منداڵ دەدرێت، توانا شاراوەکانی دەدۆزرێنەوە و دەخرێنە سەر ڕێڕەوی خۆیان و زەمینەی تەقاندنەوەی تواناکانی بۆ دەڕەخسێندرێت. لەوێدا منداڵ فێری بیرکردنەوە دەکرێت، هان دەدرێت داهێنان بکات. فێر دەکرێت گیانی ملکەچبوونی تێدا نەهێڵرێت. فێری ڕەخنەگرتن و تەنانەت نارەزایەتیش دەکرێت، لە هەر شتێکدا کە پەیوەندیی بە منداڵەکەوە هەبێت بۆچوونی وەردەگیرێت و گەشە بە بەهرە کۆمەڵایەتییەکانی دەدرێت. لە سیستەمێکی تەندروستی پەروەردەدا، مەرج نییە هەر منداڵێک ببێت بە پزیشک و ئەندازیار، بەڵام ئەگەر بوو بە شوفێری پاسیش یان چێشتلێنەریش، دەبێت بە کەسێکی پیشەیی و هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات و کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگە دەبێت و پێش هەر شتێک، ڕەوشتی بەرزی مرۆڤایەتی پەیڕەو دەکات و مرۆڤەکان، خەڵکی هەر شوێنێک بن و لە هەر نەتەوە و ئاین و ڕەگەزێک بن و ڕەنگی پێست و قژیان هەرچییەک بێت، بە ناسنامەی مرۆڤبوونەوە دەیانبینێت. لە بەرانبەردا سیستەمێکی ناتەندروست، منداڵ فێری ملکەچی و دەستەمۆیی دەکات، هەنگاوەکانی لەرزۆک دەبن و کەسایەتییەکی لاواز و فشەڵی دەبێت. ئەو سیستەمە نادروستە، نەک هەر بەدوای توانا شاراوەکاندا ناگەڕێت، بەڵکو گیانی داهێنانیش لە منداڵدا دەکوژێت و دەیکاتە ئامێرێک کە تەنها فەرمانەکان جێبەجێ بکات. لەو سیستەمەدا تەنانەت ئەگەر منداڵ ببێت بە زانایەک و فەرماندەیەکیش دوور نییە هەر وەک ئەو زانا و فەرماندانە بێت، کە بۆمبی ئەتۆمی و کیمیاییان دروست کرد و لە هیرۆشیما و هەڵەبجەدا تاقییان کردەوە.

**بۆپێشەوە: کارکردنی پیشەیی بە منالانی خوار تەمەن ١٨ ساڵ، بەگوێرەی ڕێکەوتننامەی مافەکانی منالان ڕێگەپێنەدراوە، کەچی منالان دەخرێنە بەر کاری پیشەیی، ئەوە چ کاریگەرییەک لەسەر دنیای منالان دادەنێت؟**

**سالار سۆفی:** کارپێکردنی منداڵان لە چەندین ڕووەوە، زیان بە منداڵەکە و خودی کۆمەڵگەش دەگەیەنێت. کارکردنی منداڵان، واتا دوورکەوتنەوە یان تەنانەت دابڕانیش لە خوێندن، واتا لەدەستدانی ئەگەری پەروەردەیەکی دروست کە داهاتووی منداڵی لەسەر بنیات دەنرێت. لەلایەکی ترەوە، دەبێتە هۆی بازدان بەسەر قۆناغی منداڵی و دروستبوونی کۆمەڵێک گرێی دەروونی، کە دەبنە هۆی گەشەکردنێکی ناسروشتیی منداڵ و بێبەشبوونی منداڵ لە زۆرینەی مافەکانی تریشی.

کارکردن بە منداڵان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری و کەمبوونەوەی ئاستی هۆشیاری و لێرەشەوە دوور نییە سەرەتا بکەوێتە ناو تاوانی بچووکی وردەدزیکردن و دەستبردن بۆ توندوتیژی. بەداخەوە ئەمە بۆ خۆی پرۆسەیەکە و دەکرێت لە کۆتاییدا وەک نێچیرێکی ئاسان بکەوێتە داوی گرووپە مافیاکانی ماددە هۆشبەرەکان و ڕێکخراوە توندڕەو و تیرۆریستییەکانەوە.

**بۆپێشەوە: زۆریک لە ڕێکخراو و حزبە چەپ و کۆمۆنیستەکان، تەمەنی منال بە ١٦ ساڵ دادەنێن، ئێوە لەو بارەیەوە بۆچوونتان چییە؟**

**سالار سۆفی:** ئەگەر وا بێت، هەڵەیەکی گەورە و لێکدانەوەیەکی نازانستیی مەترسیدارە. لەم وڵاتەی من تێیدا دەژیم هەر کەسێک کە تەمەنی ١٨ ساڵی پڕ نەکردبێتەوە، بە منداڵ دادەنرێت و مافەکانی لە چوارچێوەی مافەکانی منداڵاندایە و یاساکانی تایبەت بە منداڵان دەیگرێتەوە. ئەمە لە ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵانیش هەر بەم جۆرەیە. بەپێی یەکێک لە دوایین توژینەوە زانستییەکان کە لە ئینگلستان ئەنجام دراوە، مرۆڤێکی ئاسایی تا نەگاتە تەمەنی ٣٠ ساڵی، هێشتا مێشکی گەشەی تەواوی نەکردووە و بە گەورەساڵ دانانرێت. پرۆفیسۆر پیتەر جۆنس لە زانکۆی کامبریجەوە دەڵێت؛ هیچ کەسێک لە نێوان شەوڕۆژێکدا لە قۆناغی منداڵییەوە ناگوازرێتەوە بۆ قۆناغی گەورەساڵی. کەواتە ئەم گواستنەوەیە پرۆسەیەکی زۆر درێژترە و بەپێی کەسەکانیش دەگۆڕدرێت.

**بۆپێشەوە: ژینگەیەکی سالم و ئارام بۆ منالان دەبێ چۆن بێت؟**

**سالار سۆفی:** دیارە ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵان لەلایەن ڕێکخراوی منداڵانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (یونیسێف) تا ڕادەیەکی باش مافەکانی منداڵانی ڕوون کردووەتەوە، بەڵام بە کورتی ژینگەیەکی ئارام بە مانای نەبوونی هیچ توندوتیژییەکی جەستەیی و دەروونی، نەبوونی هیچ فشارێکی دەرەکی، دەستڕاگەیشتنی ئاسان و بەخۆڕایی بە خزمەتگوزاریی تەندروستیی پشکەوتوو و خوێندنێکی هاوچەرخ و ژیان لە چوارچێوەی خێزانێکدا، کە منداڵ تێیدا لەلایەن گەورەساڵەکانەوە سەرپەرشتی دەکرێت. لە کۆمەڵگەیەکی تەندروستدا، منداڵ ئازاد دەبێت لە دەربڕینی بیروبۆچوونەکانی و ئارەزووەکانی، بەڵام لە هەمان کاتدا سنوور بۆ ڕەفتارەکانی منداڵانیش دادەنرێت.

**بۆپێشەوە: تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان چ کاریگەریەکیان لەسەر منالان هەیە؟ تا چەندە بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان بۆ منالان شیاوە؟**

**سالار سۆفی:** بوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕاستییەکە کە ناکرێت لە منداڵان بشاردرێتەوە. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک هەر بابەتێکی تریش ڕووی باش و خراپی خۆی هەیە. ناکرێت بە بیانووی مەترسییەکانەوە منداڵ لەو جیهانە دابڕێنرێت، بەڵکو دەکرێت ڕێگای دروست بۆ بەکارهێنان بدۆزرێتەوە. بەشداریکردنی دایک و باوک لەگەڵ منداڵدا لە کاتی چوونە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تۆڕی ئینتەرنێت بەگشتی و ڕێنوێنیکردنی منداڵ لە شێوازی بەکارهێنان و چۆنیەتی خۆپاراستن لە مەترسییەکانی، دەتوانێت زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سنووردار بکات و بەپێچەوانەوە سوود و خۆشییەکانی زیاتر بکات. ڕاهێنانی منداڵ لەسەر ڕاستگۆیی و بەدەستهێنانی متمانەی منداڵ و کراوەیی لەگەڵ دایک باوکدا، بنەمای سەرەکی و پێشمەرجەکانی دوورخستنەوەی منداڵن لە لایەنە نەرێنییەکەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. بێگومان دانانی سانسۆر لەسەر هەندێک لە لاپەڕە و بەشەکان، لەلایەن دایک و باوک یان سەرپەرشتیارانەوە، هاوکار دەبێت لەم ڕووەوە.

**بۆپێشەوە: گومان هەڵنەگرە هەرچی ستەم و بێبەشی و بێمافی هەیە، ڕیشەی لە نیزامی قازانج پەرستی سەرمایەداریدایە، ئایا دەکرێت لە ژێر سایەی ئەو نیزامەدا، منالان لە بێبەشی و بێمافی... ڕزگار بکرێن و ژیانێکی ئارام و ئازاد و سەربەخۆیان هەبێت؟**

**سالار سۆفی:** هەتا سیستەمی ئابووریی سەرمایەداری زاڵ بێت بەسەر جیهاندا، سیستەمی چینایەتیش هەر بەدەوام دەبێت و مەحاڵە بواری یەکسان بۆ تاکەکانی کۆمەڵ بڕەخسێت و هەموویان وەک یەک خاوەنی ماف و ئازادییەکانی خۆیان بن. ئەم ڕاستییەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ژیان و گوزەران و مافەکانی منداڵان هەیە. بۆیە مەحاڵە لەژێر سایەی سیستەمێکی چینایەتیدا، بوار بۆ سەرجەم منداڵان بڕەخسێت کە بە مافەکانی خۆیان شاد بن. ئەمە بەو مانایە نییە کە دەبێت مرۆڤایەتی چاوەڕوانی کۆتاییهێنان بە ڕژێمی سەرمایەداری بێت و دەستەوەستان دانیشێت. مرۆڤ هەردەم لە هەوڵدایە بەرەو باشتر. هەر ئێستا لە هەندێک لە وڵاتاندا، منداڵان بە بەشێکی گرنگ لە مافەکانیان گەیشتوون، بەتایبەتی لە باکووری ئەوروپا و بۆ نموونە فینلەند کە من لێی نیشتەجێم. بەڵام لەبیرمان نەچێت، ئەم دەستکەوتانەش بە خەباتی دوورودرێژ و لەمێژینەی چینە نەدارەکان هاتوونەتە ئاراوە، بۆیە بەردەوام لەژێر هەڕەشەدان و بەبێ خەباتی نەپساوەی چینە نەدارەکان، هیچ دڵنیاییەک بۆ بەردەوامبوونی ئەو مافانە نییە.

بۆپێشەوە: چۆن دەکرێت کۆتایی بە سزادانی جەستەیی منالان بهێنرێت و لە گوشارو ئازاردانی دەرونی بپارێزرێن؟

سالار سۆفی: کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکە هەمیشە و بەتایبەتیش لە دەیەکانی ڕابردوودا توندوتیژی بەسەریدا زاڵ بووە. کۆتاییهێنان بە توندوتیژی بەرانبەر بە منداڵان پرۆسەیەکی دوورودرێژە و پێویستیی بە بەرنامەیەکی تۆکمەی هەمەلایەنە هەیە، کە تێیدا سیستەمی پەروەردە ڕۆڵی بنچینەیی دەبینێت. پێویستیمان بە یاسایەکی منداڵپارێزیی هاوچەرخی گونجاو هەیە، بە مەرجێک لایەنی جێبەجێکار بەبێلایەنی و بەبێ ڕەچاوکردنی دۆخی کۆڵتووری و سیاسی و ئاینی، بیسەپێنێت بەسەر هەمووواندا.

**بۆپێشەوە: چەکدارکردنی منالان، یان بەکارهێنانیان لە ڕێکخراوە سەربازییەکاندا، چۆن دەکرێت بەری پێبگیرێت؟**

**سالار سۆفی:** خەباتی مرۆڤ بۆ ڕزگارکردنی سەرجەم مرۆڤایەتی لە هەژاری و نەخوێندەواری و چەوساندنەوە و جەختکردنەوە لەسەر هۆشیاریی کۆمەڵ و بایەخی ئاشتیخوازی، بناغەن بۆ ڕێگریکردن لە توندوتیژی و لە ئاڕاستەکردنی منداڵان بەرەو ڕێکخراوی چەکداری. گەشەپێدانی هۆشیاریی کۆمەڵ، بە پەیڕەوکردنی پەروەردەیەکی دروست، لەسەر بنەمای زانستی و جەختکردنەوە لەسەر ئاشتی و قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی هەموو جۆرە بیروڕایەکی توندوتیژی و ڕەگەزپەرستی دەبێت. ڕەگەزپەرستی و پەڕگیری بەگشتی، کوڕان بەرەو ڕێکخراوە چەکدارییەکان دەبات و کچانیش بەرەو ملکەچی و زیندانیی کۆمەڵایەتی دەبات، بەتایبەتیش لەلایەن خێزانە پەڕگیرە ئاینیەکانەوە.

بۆپێشەوە: تا چەندە لەگەڵ ئەوەدان منالان رابێکێشرێنە ناو دنیای سیاسەت و خەبات؟ و دیمەنی نابەرابەری و زوڵمی سەرمایەداریان پێ ئاشنا بکرێت؟

سالار سۆفی: من پێم سەیرە کە دەبینم کە ئەو کەس و پارت و ڕێکخراوانەی کە خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی توێژێک، گەلێک، چینێک، یان تەنانەت سەرجەم مرۆڤایەتی دەکەن و داوای ڕزگاری و ئازادی بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگە دەکەن، لە هەمان کاتدا دەبنە بەشێکی کاریگەر لە زەوتکردنی پاکترین و بێدەسەڵاتترین بوونەوەری مرۆیی کە ئەویش منداڵە. دایکێک، باوکێک یان هەر سەرپەرشتیارێکی منداڵ، لەسەر چ بنەمایەک ماف بە خۆی دەدات منداڵەکەی ڕابکێشێتە ناو کێشمەکێشە سیاسی و ئایدیۆلۆژییە ئاڵۆزەکانەوە، کە ڕەنگە نەک تەنها منداڵەکەی، بەڵکو خۆیشی سەری لێ دەر نەچێت. سەیر ئەوەیە، دوورنییە هەر کەسەکە خۆی پاش چەند ساڵێکی تر، ڕێڕەوی ژیانی بگۆڕێت و بچێتە ناو ڕەوتێکی ترەوە و نموونەشمان بۆ ئەمە زۆرە. پێویستە منداڵ تا قۆناغی منداڵی تەواو دەکات، دوور بخرێتەوە لە سەرجەم کێشمەکێشە سیاسی و ئایدیۆلۆژی و ئاینییەکان و هیچ یەکێک لەمانە نەکرێنە بەرنامەی کارکردن لەسەر منداڵان و سەپاندن بەسەریاندا. تەنها ڕەفتاری یەکسانیخوازی و دادپەروەرانەی دایک و باوک کە پێویستە لە پەروەردەکردنی منداڵدا ڕەنگ بداتەوە، بەسە بۆ وەرگرتنی هەمان ڕێچکە لەلایەن منداڵەوە. بۆیە من پێم وایە، بەشداریپێکردنی منداڵان لە هەر جۆرە خەبات و ئایدیۆلۆژیا و ئاینێک، پێشێلکردنی مافەکانی منداڵانە و تاوانێکە کە دەبێت سەرپەرشتیار و پارت و ڕێکخراو و لایەنە سیاسی و ئاینییەکانی لەسەر سزا بدرێت.



## نزار گزالی: زۆرینەی وڵاتە پێشکەوتووەکان منداڵیان کردۆتە چەقی گرنگی پێدانی خۆیان و وای دەبینین پێگەیاندنی منداڵێکی دروست، گرنگی دان و پێگەیاندنی نەوەیەکی دروست و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دروست و پێشکەوت و ئەرێیانەیە.

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز نزار گزالی، مامۆستای زانکۆ و پسپۆری دەروونی سەبارەت بە ڕۆژی جیهانی منداڵان.

**بۆپێشەوە: هێشتا بەشێک لە منداڵان لە کوردستاندا، خەریکی کارکردنن یان ئەرکی بەڕێوەبردنی خێزانیان لەسەر شانە، چۆن دەکرێت ئەو دیاردەیە بنەبڕ بکرێت؟**

**نزار گزالی:** دیاردەی کارکردنی منداڵان و منداڵانی سەرشەقام، نەک هەر لەکوردستان بگرە لەزۆرینەی وڵاتانی دنیا یەکێک لەپرسە ئاڵۆزو کاریگەرەکانە، قسەوباسی زۆری دەربارە دەکرێت، سەبارەت بەبنەبڕکردنیشی کاری زۆری پێویستە، دەکرێت لەم چەند خاڵە سەرەکیانە کۆیان بکەینەوە: یەکەم، کاراکردنی ڕۆڵی بەشە پەیوەندیدارەکانی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و دەزگاکانی پەیوەست بەچاودێری منداڵ لەڕووی چڕکردنەوەی حاڵەتی دەستنیشان کردن و تۆمارکردن و بەدواداچوون، لەگەڵ زیادرکردی نێوەندی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری منداڵان. دووەم، گرنگی دان بە سەنتەری ڕاوێژکاری خێزانی، کە جێگەی داخە لەکوردستان کەمترین گرنگیان پێدراوە، چەندین دەرچووی بەشەکانی دەروونزانی و کۆمەڵزانیمان هەن، کەمترین دەرفەتی خزمەتکردن لەبوارەکەی خۆیانیان بۆ ڕەخساوە. سێیەم، ستراتیژیەتی وڵات بۆ مەسەلەی هەژاری، لەگەڵ هەبوونی بەرنامەی درێژخایەن بۆ کۆنترۆڵکردنی پرسی هەژاری، ئەمە پەیوەندیەکی ڕاستەوانەی بە پرسی کارکردنی منداڵ و منداڵانی شەقامەوە هەیە، کەمبوونەوەی ڕێژەی هەژاری هۆکارێکی ڕاستەوخۆیە بۆ کەمکردنەوەی کارکردنی منداڵان. خاڵی چوارەم، کارەکردنی پرسی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی کە لەسەدەی بیستەوە سەری هەڵداوە، ئەمیش کۆمەڵێک خزمەتگوزاری چالاکی پیشەییین، لەلایەن کەسانی پسپۆر کە پێشوەختە ڕاهێنراون و ئامادەکراون، پێشکەش بەمنداڵانی ئیشکار و منداڵانی سەرشەقام دەکرێت. ڕێکخراوە قازانج نەویستەکانی بواری منداڵان کاراتر بن و ڕۆڵی سەرەکی خۆیان ببینن، کە بەداخەوە لەکوردستان تابڵێی لاوازن و بەشێکی زۆریشان پێچەوانەی ناوەکانیان زیاتر کار لەسەر بەرژەوەندی قازانجی خۆیان دەکەن زیاتر لەوەی ئامانجیان منداڵ و مافەکانی منداڵان بێت.

**بۆپێشەوە: لەزۆرێک لەو وڵاتانەی نائارامی و شەڕ و بەرامبەرکێی تیایە، منداڵان نەک هەر لە دۆخێکی خراپدان، بەڵکو لە جەنگ و ململانێکاندا، کەڵکیان لێوەردەگیرێت، چۆن دەڕواننە ئەو هەلومەرجەی منداڵان؟**

**نزار گزالی:** بێگومان منداڵان قوربانی یەکەمی هەلومەرجی نەخوازراو شەڕ و ئاوارەبوونن، ئەگەر سەرنجێکی شارەکانی کوردستان و عێراق بەگشتی بدەین، زۆرینەی منداڵانی سەرشەقام و منداڵی دەستگێڕ شاگرد و هەر بوارێکی دیکەی کارکردن، لەمنداڵە ئاوارەو پەنابەرەکانن، لێرە زەبری دەروونی بۆ ئەمانە دوو بەرانبەرە، چونکە لەلایەک دوچاری ڕاگواستنەوەبوونە ماڵ و شوێنی نیشتەجێبونی خۆیان جێهیشتوە، لەلایەکی دیکە باری نەخوازراوی ئابوری و هەژاری و کارکردن و دابڕان لەقوتابخانە لەمافە سەرەتاییەکانیان وەک منداڵ. ئەمەش لێکەوتەی نەرێیانەی زۆری دەبێت.

**بۆپێشەوە: لەڕوانگەی ئێوە یان لە باری زانستیەوە، بە کێ دەوترێت منداڵ، تا چ تەمەنێک بە منداڵ دەوترێت منداڵ؟**

**نزار گزالی:** لەڕوانگەی دەروونی و دەروونزانی کۆمەڵایەتی تەمەنی منداڵی واتا لەکاتی لەدایکبونی کەسەکە تادەگاتە گەشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و درککردن بەو شتانەی لەدەورووبەری ڕودەدەن، جیاوازی لەنێوان هەڵەو ڕاست دەکات و لە بنچینەی پەیوەندی کۆمەڵاتیەکان تێدەگات و نیشانەکانی باڵغ بوونی تەواوی تیادا دەردەکەون. بەڵام بەپێی پێوەری جیهانی ویاسای (مافی منداڵانی کۆمسیۆنی مافی مرۆڤ) کە ١٩٣ وڵات واژۆیان کردوە، هەرتاکێکی خوار تەمەن ١٨ ساڵان بە منداڵ هەژمار دەکرێت.

بۆپێشەوە: بەجیا لەستەمی کۆمەڵایەتی دەوڵەتەکان لەسەر منداڵ، ستەمی دایک و باوک لە منداڵان لە ترساندنیانەوە تا لێدان و توندوتیژی هێشتا واقعیەتی خێزانە دەمارگیرەکانە بەدین و ناسیونالیزم … چۆن دەڕواننە ئەو دیاردەیە؟

نزار گزالی: خۆی ناکرێت ئەمە بگشتێنین چونکە ئامارو توێژینەوەی دروستمان لەبەردەست نییە، هەروەها ئەم جۆرە توندوتیژیە ڕێژەییە، لە خێزانێک بۆ خێزانیکی دی جیاوازی هەیە، بەڵام بەپیی توێژینەوەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی زۆینەی ئەو منداڵانەی کە دەبنە قوربانی توندوتیژی خێزانی، ستەمی باوانیان یان بەخێوکارەکانیان تەمەنیان خوار ١٤ ساڵیە، ئەمەش کۆمەڵێک لێکەوتەی دەروونی و ڕەفتاری سۆزی لێدەکەوێتەوە. ڕەنگدانەوەی درێژخایەنی بەسەر خودی منداڵەکەو کۆمەڵگەش دەبێت. چونکە ئازاری جەستەیی و ڕوشاندنی کەسایەتی منداڵ دەبێتە هۆی دواکەوتنی گەشەی، دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ متمانە بەخۆبوون و ڕێزگرتنی خود لەدەست بدات ئەم دوو خاڵانەش ڕاستەوخۆ لەداهاتوو ڕەنگدانەوەی نەرێنیان بەسەر منداڵەکەو کۆمەڵگەش دیاردەبێت.

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕواننە ڕاکێشانی منداڵان بۆ ناو دنیای سیاسەت، یان حجابکردنیان و خستنیان بۆ بەر نوێژ و ڕۆژوو و نەریتە دینیەکان؟**

**نزار گزالی:** خۆی ئەمەش جۆرێکە لەپێشیلکاریەکان و دەچێتە چوارچێوەی توندوتیژی و پێشێلکردنی مافی منداڵ، بەهەمان شێوەی کە لەوەڵامی پرسیاری پێشوو ئەماژەم بۆکرد لێکەوتەی لەسەر لایەنی دەروونی وکەسایەتی منداڵ دەبێت..

**بۆپێشەوە: کێ بەرپرسە لە پەروەردەی منداڵان، دایک و باوک یان دەوڵەت؟**

**نزار گزالی:** هەردووکیان، زۆر ئەستەمە بەرپرسیاریەتەکە بەتەنها لەیەک لایەندا چڕ بکەینەوە، بەڵام توێژینەوەکان ئەوەی دەرخستوە تەنانەت لەناوچە ناکۆک و جەنگیەکان، باوان دەتوانن ژینگەیەکی دەروونی باش بۆ منداڵەکانیان دابین بکەن، بەگرنگی پێدان و تێرباوەش کردن، کە ببێتە قەرەبوکردنەوەیەک بۆ کەمی یان نەبوونی ئاسایش لەناوچەکە، بۆیە هەمیشە لە کەمتەرخەمی دەوڵەتیش دایک و باوک دەتوانن ڕۆڵێکی باشتر ببینن لەپەروەردەکردنی منداڵەکاندا، لەهەمانکاتدا زۆرینەی وڵاتە پێشکەوتوەکان منداڵیان کردۆتە چەقی گرنگی پێدانی خۆیان و وای دەبینین پێگەیاندنی منداڵێکی دروست، گرنگی دان و پێگەیاندنی نەوەیەکی دروست و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دروست و پێشکەوت و ئەرێیانەیە.

**بۆپێشەوە: هەلومەرجی نەخوازراوی ئابوری چ کاریگەرییەکی لەسەر منداڵان هەیە؟**

**نزار گزالی:** کاریگەری هەژاری لەسەر منداڵ یەک لەپرسە هەرە گرنگەکانە، لێکەوتەکانی هێندە زۆرن ئەگەر دیمانەیەکی بەتەنیا بۆ تایبەت بکەین ڕەنگە هەرنەتوانین بەوردی هەمو لایەنەکانی بخەینە ڕوو. لێرەوە هەوڵ دەدەم زیاتر لێکەوتە دەروونیەکان بخەمە ڕوو، سەرەتا توێژینەوەکان و تازەترینیان کە لەزانکۆی پەنسلڤانیای ئەمریکی بەهاوکاری توێژەران لەهەریەک لەزانکۆی نیویۆرک و تچابڵهێیل ئەنجامدراوە؛ ئەوە دەخاتە ڕوو کە هەژاری بۆی هەیە ئاستی خوێندنی منداڵی و جوڵە و نواندنی منداڵ لەبوارە جیاوازەکانی ژیانی قوتابخانە کەمبکاتەوە. هەروەها منداڵانی هەژار ڕێژەی گرژی ماندوبونیان زیاترە بە بەراورد بەمنداڵانی دیکە، گرژی و ماندوبونیش لای منداڵ کاردەکاتە سەر پرۆسیسە جێبەجەکارەکانی مێشک. لەلایەکی دیکە توێژینەوەکان دەڵێن لێکەوتەکانی هەژاری لە (٣)ساڵیەوە بەسەر منداڵ دەردەکەون و لەقۆناغەکانی دیکەی ژیانیشی کاریگەری و لێکەوتەکانیان هەر دەمێنێت و لەهەندێک هەڵوێستی ژیاندا بەزەقی دەردەکەون. زۆرجاریش منداڵ بەهۆی هەژاری هەستکردن بەبێبەشی ڕێژەیی کەخۆی بەراورد بەهاوپۆڵەکانی دەکات، دوچاری کۆمەڵێک گرێیی دەروونی دەبێت، هەر ئەمەش زۆرجار هۆکارە بۆ دزەکردنی منداڵ بۆ دەرەوەی قوتابخانە، زۆرجار ئەم هەستکردن بە بێبەشی و نادادیەی ژیان وایکردوە حەزی خوێندنی بەلاوە کەمبکاتەوە، و هەندێک جار درێژەیان بەخوێندن نەداوە،، بەشێکیش ناچار دەستیان لەخوێندن هەڵگرتوە بۆ ئەوەی ببنە هاوکار و دابینکاری قوتی ژیانی خۆیان وخاوخێزانەکانیان. هەروەها توێژینەوەکان ئەوەشیان خستۆتە ڕوو، کەمنداڵانی ناوچە و گەرەکە هەژارنشینەکان بەهۆی گوشاری ژیان، کەمتر دەپرژێنە سەر فێربوون و هەلی فێربوونی هونەر و پەرەدان بەتوانا هونەری کەسیەکانیان کەمترە. لەڕووی پرسی جەستە دەروونیش چەندین توێژینەوە لەسەر منداڵانی هەژار ئەنجامدراوە؛، وەک توێژینەوەکەی نیکۆلاس والش لەزانکۆی کامبریدجی بەریتانی و توێژینەوە هاوشێوەکانی کەجەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە منداڵانی هەژار و منداڵانی خێزانە هەژارەکان کۆمەڵێک لێکەوتەی نەرێیانە بەسەر مێشکیان دروست دەبێت و هەندێک لەم توێژینەوانە هێما بۆ ئەوە دەکەن کە ناوچەی خۆڵەمێشی لەمێشکیان بچوکترە و مێشکۆکەشیان زۆرجار بچوکتر دەبێتەوە. ئەمەو چەندین لایەنی دیکەی نەرێنی لەڕووی دەروونی کۆمەڵایەتی کە هەژاری و ژینگەی خێزانێکی هەژار لەسەر منداڵی جێدەهێڵێت.

**بۆپێشەوە: دەمارگیری ئاینی و بیروباوەڕی باوی خودی خێزانەکان، چ کاریگەرییەکی لەسەر منداڵان و مافەکانیان هەیە؟**

**نزار گزالی:** دەمارگیری بەهەموو جۆرەکانیەوە، جۆرێکە لەجۆرەکانی پێشلکاری بەرانبەر بەمافەکانی منداڵ. کەسی دەمارگیر هەمیشە حەزدەکات کەسە نزیکەکانی ئەو شتانە ببینن کەئەو حەز بەبینیان دەکات، بینینی هەر شتێکی تازە بەهەرەشە بۆسەر خودی خۆی و بیروباوەڕەکانی دەبینێت، نەرمی نواندنی نییە. کاتێک خێزان دەمارگیر دەبێت، بێگومان منداڵەکانی لەئێستاو لەداهاتودا باجی ئەم دەمارگیریە دەدەن، فێردەبن بەردەوام بڕیاری پیشەوەختە بەرانبەر بە شتەکان بدەن، بیرکردنەوەیان تەسک دەبێت، بەئاسانی قبوڵی تازەگەری داهێنان ناکەن، بیروڕای جیاواز بەهەڕەشە دەبینن، هەمیشە ڕێچکەگەری هەڵچونییان هەیە کە هەندێک جار ئاراستەی توندوتیژی و تێوەگلان لە کردەوەی توندوتیژیانە وەردەگرێت. هەمیشە کەسێکی دژە گۆرانکاری لەقاڵبدراو دەبێت.

# شەمال عەلی: بە پێچەوانەی ڕەوتە ئیسلامیەکانی سەرانسەری دنیا بەداخێکی گرانەوە ئیسلامیەکانی فەلەستین لە حەماسو جیهاد و ئەوانی تریش لەگەڵ کێشەیەکی عادیلانەی خەڵکێکی ستەمدیدە خۆیان تێکەڵکردووە...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز شەماڵ عەلی هەڵسوڕاوی کۆمۆنیست و یەکێك لە سەرپەرشیارانی کەناڵی هیوا سەبارەت بە کێشەی فەلەستین و ملهوری دەوڵەتی ئیسرائیل...



**بۆپێشەوە: جارێکی تر کێشەی فەلەستین بۆتەوە بە پرسی ڕۆژ، بەجیا لە هۆکاری بناغەیی کێشەی فەلەستین، ملهوڕی و هێرشی ئەمجارەی ئیسرائیل بۆ سەر خەڵکی فەلەستین چییە؟**

**شەمال عەلی:** هێرشی ئەم جارەی حکومەتی دەستەڕاستیو هاری نەتانیاهۆ لە درێژەی

> هێرشی ئەم جارەی حکومەتی دەستەڕاستیو هاری نەتانیاهۆ لە درێژەی ئەو پیلانەدا دێت کە لەژێر ناونیشانی گرێبەستی سەدەدا بە هاوکاری ترامپ و ڕاستی توندڕەوی ئەمریکا بۆ تەسفیەکردنی کێشەی فەلەستین چنراوە...

ئەو پیلانەدا دێت کە لەژێر ناونیشانی گرێبەستی سەدەدا بە هاوکاری ترامپ و ڕاستی توندڕەوی ئەمریکا بۆ تەسفیەکردنی کێشەی فەلەستین چنراوە. ناتانیاهۆ جگە لە کێشە یاساییەکانی خۆی کە ڕووبەڕوی دادگایی و زیندانی دەکاتەوە لە ڕێگای دنەدانی هێزە فاشیستە دژە عەرەبەکانی ناو ئیسرائیلەوە دەیویست ئەوە ڕابگەیەنێت کە پاش لەدەسەڵات کەوتنی ترامپیشەوە هەمان نەخشە و پلان درێژەی هەیە و داننانی ئەمریکا بەوەی تەواوی قودس پایتەختی ئەبەدی ئیسرائیلە هەنگاوێک بەرەوپاش نەگەڕاوەیە. دیارە جیاواز لەم دۆخە نوێیەش گوشار بۆ سەر خێزانەکانی گەڕەکی شێخ جەراح بەشێکی دانەبڕاوی ئاکارێکە کە سەرچاوەکەی ڕەگەزپەرستی کیانی ئیسرائیل و پێکهاتێتی وەک پرۆژەیەکی ئیمپریالیستانەی فراوانخواز.

بەشێک لە ڕەخنەگرانی ئیسرائیل تەنها لەگەڵ پەلامارە دڕندانەکانی ئەو دەوڵەتەدا پاش کەلەپاچەکردنی منداڵان بیریان دەکەوێتەوە ئەم پێکهاتە سەرەتانیە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئیدانە بکەنو فرمێسک بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان هەڵڕێژن. من وای دەبینم کە سەرەتاییترین پابەندبوون بە عەدالەتو ئینسافەوە فەرزی دەکات بە سەرماندا، نەک تەنها لە کردەوەکانی ئیسرائیل، بەڵکو لە بوونی وەک پێکهاتەیەکی سیاسی ڕەگەزپەرست، پاوانخواز، فراوانخواز و ئەپارتایدی هەراسانو بێزار بین.

حەقیقەتێکی تر لەم ناوچەیەدا کە هاوپای ئیسرائیل هاتۆتە بوون، بەرەنگاریەکی قارەمانانەیە کە خەڵکی فەلەستین لەخۆی نیشانی دەدات. تێڕوانینمان سەبارەت بە هێزە باڵادەستەکان لەم بەرەنگاریە هەرگیز نابێت خەوش بخاتە سەرچاومانو بەرهەقیو عادیلانەبوونی ئەم بەرەنگارییە نەبینین. ئیسرائیل هەمیشە بەرانبەر ئەم بەرەنگارییە دڕندە بووەو یادەوەری هەر یەکێکمان پڕە لە دیمەنی دڵتەزێنو ئازاربەخشی ئەم دڕەندەییە. هێزی سەربازی خوێنڕێژی ئیسرائیل بەم پەلامارەی ئەمجارەی کۆمەکی بە هەموو ئەوانەش کرد کە یادەوەریان لاواز بووە ماهیەتی ئەم بوونەوەرەیان بێتەوە یاد.

**بۆپێشەوە: هێرشی ئیسرائیل بۆسەر خەڵکی فەلەستینە، نەک گرووپە ئیسلامیەکانی وەکو حەماس و جیهادی ئیسلامی، ئەم ڕەوتە ئیسلامیانە چ جێگاو ڕێگایەکیان هەیە، چ پەیوەندییەکیان بە کێشەی فەلەستینەوە هەیە؟**

**شەمال عەلی:** بەر لەوەی سەبارەت بە ماهیەتی ئەو ڕەوتە ئیسلامیانە هیچ بڵێین. دەبێ ڕاستیەک بسەلمێنین، ئەویش ئەوەیە کە بە پێچەوانەی ڕەوتە ئیسلامیەکانی

> بەشێك لە ڕەخنەگرانی ئیسرائیل تەنها لەگەڵ پەلامارە دڕندانەکانی ئەو دەوڵەتەدا پاش کەلەپاچەکردنی منداڵان بیریان دەکەوێتەوە ئەم پێکهاتە سەرەتانیە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئیدانە بکەنو فرمێسك بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان هەڵڕێژن

سەرانسەری دنیا بەداخیکی گرانەوە ئیسلامیەکانی فەلەستین لە حەماسو جیهاد و ئەوانی تریش لەگەڵ کێشەیەکی عادیلانەی خەڵکێکی ستەمدیدە خۆیان تێکەڵکردووە، جیاکردنەوەشیان لە دۆخی ئێستادا کارێکی ئاسان نییە. ئەوەی کە ئیسلامیەکان لەمڕۆدا بوونەتە دەمڕاستی بەرەنگاریی خەڵکی فەلەستین بەشێکی دانەبڕاوی تراجیدیای ئەو خەڵکەیە لە دیدی مندا. بەڵام من وا دەزانم وەک چۆن جەماوەری فەلەستین بە تەبلیغاتی ئیسلامیەکان نەهاتوونەتە مەیدانی بەرەنگاریەوە، بەڵکو خودی دۆخی بەرەنگاری و بازنەی داخراوی ستەم و جەنگو ماڵوێرانیی ئەوانی لەسەر سینیەکی زێڕین پێشکەش بە ئیسلامیەکان کردووە، هەروەها تەبلیغاتی دژە ئیسلامیو ڕاگەیاندنو گوتنەوەی ڕستەی ناکاریگەری وەک "ئیسلامیەکان هیچ پەیوەندییان بە کێشەو ستەمی خەڵکەوە نییە" جەماوەر لە دەست ئەم تاریکخوازانە ڕزگار ناکات. بەڵکو سەرکەوتنو ئومێدەواریو پێشڕەوی لە خەباتو بەرەنگاریی بەرانبەر ملهوڕی ئیسرائیلدا، سووکردنی باری قورسی ستەم لەسەر شانی خەڵکی فەلەستین درزێک دەخاتە دەروازەی ڕزگاربوونیان لەدەست ئیسلامیەکان.

**بۆپێشەوە: ڕەوتە ئیسلامیەکان لە فەلەستین، کە خۆیان بە کێشەی فەلەستینەوە هەڵواسیوە، لەڕێگای هەڵدانی موشەک بۆ شارەکانی ئیسرائیل، دەتوانن چ کاریگەریەک لەسەر هێرشەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل هەبێت؟ هەڵدانی ئەو مووشەکانە بەو ژمارە زۆرەوە و بەو بێکاریگەریە چ پەیامێکی لە پشتە؟**

**شەمال عەلی:** لە دیدی مندا لەنێو هەزاران عەیبو عار کە لە ئیسلامیەکانی بگرین، یەکێکیشیان هەڵدانی موشەک نییە بۆ ئیسرائیل. دیارە کە هەڵدانی موشەک بە مەبەست بۆ ناو شارەکان بۆ کوشتنی کەسانی سیڤیل تاوانەو نابێت بکرێت، بەڵام موشەکبارانکردنی مۆڵگەی سەربازیو ئەمنی ئیسرائیلو دەزگاو ئیدارەکانی کردەوەیەک نییە هیچ سەرزەنشتێک هەڵگرێت. ئەوەی لە ئیسرائیلدا هەیە جەنگێک نییە بابایەکی ئاشتیخواز لە ڕۆژێکی ئافتابیدا پاش ئەوەی شانی چاکەتەکەی بە پەلەپیتکە دەتەکێنێت بڵێت منی دژی جەنگم و توندوتیژی هەردوولا مەحکومە. لە کوردستان تەنها کاربەدەستانی پارتیو بندەستەکانیان شەرم ناکەن بڵێن جەنگی نێوان تورکیاو پەکەکە مەحکومە. دەبوو لە بابەت پەلاماری دڕندانەی ئیسرائیل بۆ سەر غەزەو ئەو موشەکانەی دەگیرێتە ئیسرائیلیش هەروا بووایە.

من هاوڕای ئەو بۆچوونەش نیم کە هەڵدانی ئەو موشەکانە بۆسەر ئیسرائیل بێ کاریگەریین. ئەوەی دەوڵەتێکی پڕچەک کە خاوەنی هێزێکی سەربازی تۆقێنەرە، ناتوانێت بە هەموو ئەو دڕەندەییەوە پارێزگاری لە ئەمنیەتی خۆی بکات و ڕێگربێت لە موشەکبارانکردنی. دەکرێت ئەو ئەفسانەیە بەدرۆ بخاتەوە کە ئیسرائیل بە ملهوڕیو زەبروزەنگ دەتوانێت ئیرادەی بەرەنگاریی خەڵکی فەلەستین تێکبشکێنێت. حەماس هەرچی بێت، ئامانجی موشەکەکانی چەندە مایەی ئیدانە بێت، ئەو ڕاستیە ناشارێتەوە کە موشەکبارانکردنی ئیسرائیل گیانی خەباتکاریو بەرەنگاری خەڵکی فەلەستینی ژیاندەوەو بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا جووڵانەوەی بەرەنگاریی جەماوەری فەلەستین وەک هێزێکی یەکپارچە لە تەواوی ناوچەکاندا هێنایە مەیدان.



## مەحمود حەلاق: ڕێکخراوی فەتحی ناسیونالیست هیچی کەمتر نییە لە ئیسماعیل هەنیئە، و حەماسی ئینسانکوژی فەلەستین، هەردوکیان دوو ڕووی یەك دراون و هەریەکەیان لازم و مەلزومی یەکترین وەك حیزبەکانی کوردایەتی و ئیسلامیەکان ...

# دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز مەحمود حەلاق سەبارەت بە کێشەی فەلەستین و ملهوری دەوڵەتی ئیسرائیل

**بۆپێشەوە: چارەسەری کێشەی فەلەستین تا دێت، قورستر دەبێت، لاتان وایە ئەم پرسە دەتوانێت وەڵامێکی کارساز وەربگرێتەوە؟ بە بۆچوونی ئێوە ڕیگاچارەی کێشەی فەلەستین چییە؟**

**مەحمود حەلاق:** کێشەی فەلەستین، مەسەلەیەکی سیاسی گرێ خواردووی کۆنەو، سەدەیەکە خەڵکەکەی ئاوارەو خەڵتانی خوێن دەکرێت. ناسیونالیزمی عەرەبی نەک هەر دەستەپاچەو ساکاو بوون لەبەرامبەر حەلکردنی کێشەیەکی لەو چەشنە گەورەو مرۆییە، بەڵکو خودی خۆیشی بەشێکی هەرەگەورەی مەرگەساتەکانی خەڵکی فەلەستین بووە، وڵاتانی عەربیش سەرەڕای ئیدیعای پوچیان لەسەر خاکی فەلەستین و قودسەکەیان، لانی کەم نەهاتوون لەئاستی سیاسی و دیپلۆماتیدا کار لەسەر نەخشە ڕێگایەکی سیاسی بکەن بۆ بنەبڕکردنی کێشەکە، بەجۆرێک کە فشار بخرێتە سەر ئەورووپاو ئەمریکا کەبەجدی و لەمەیداندا ئاوڕێک لە دۆسیەی فەلەستین بدەنەوە، و لەدەوڵەتکۆیەکی بچکۆلانەدا جێگایەکی بۆ بکەنەوەو ئیتر کۆتایی بەم دۆسیەیە بهێنرێت. هەریەکێک لە وڵاتە عەرەبیەکان بە پەنهانی و ژێربەژێرو، لەم ساڵانەی دواییشدا بەئاشکرا پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا بەستووە، ئەم نیفاق و هەزار ڕووییەی وڵاتانی عەرەبی سەبارەت بەم دۆسیەیە، نیشانەی بێدەربەستی ئەوانە بەرامبەر بەخەڵکی فەلەستین و دۆزە ڕەواکەی. ساڵانە ڕیاکارانە هەریەکەیان سەرفیترەو سواڵ و سەدەقەی خۆی لەڕێی دەزگای تالانچی کۆمکاری عەرەبیەوە ئەنێرن بۆ کاربەدەستە کۆنەپەرستەکانی فەلەستین، هەتا وا پیشان بدەن کە هەمیشە دڵیان لەلای خەڵکی فەلەستینە، و جاروبار فرمێسکی تیمساح ئاساییان بۆ هەڵدەڕێژن. هەربۆیە بەم قەد و قامەتە سیاسیەی وڵاتانی عەرەبی و بزووتنەوە ناسیونالیست و ئیسلامیەکەیانەوە، فەلەستینیەکان نەک هەر وەڵامیکی کارساز لەپێناوی حەلکردنی دۆزەکەی وەرناگرنەوە، بەڵکو دەبێت هەتا ماوون باجی نەهامەتی زیاترو زیاتر بدەنەوە.

**فەلەستین و دۆزی فەلەستین وەك مەسەلەیەکی سیاسی سەرچاوەیەکی گەورەی بازرگان و بزنس مانەکانی ناو هەناوی ڕەوەندی ئیسلامین لەجیهاندا و بەهۆی مەسەلەی فەلەستینەوە هەزاران مفتەخۆری ئیسلامی کردۆتە سەرمایەدار لەسەر حسابی وەهم و خۆشباوەڕی خەڵکەکەی بەئیسلامی قەومیەکانەوە**

**بۆپێشەوە: حزب و ڕێکخراوە ئیسلامیەکانی فەلەستین، هاوکار یان کۆسپی بەردەم چارەسەری کێشەی فەلەستینن؟ هۆکار چییە حزب و سیاسیە قەومیەکانی فەلەستین هیچ ڕۆڵێکی بەرجەستەیان نییە و مەیدانیان بۆ ئیسلامیەکان ئاواڵە کردووە تا خۆیان بە کێشەی خەڵکی فەلەستینەوە هەڵبواسن؟**

**مەحمود حەلاق:** بەبڕوای من مەسەلەی فەلەستین و هەر مەسەلەیەکی تریش بەندە بەسۆشیالیزمەوە. تەنها ڕێگا چارەش بۆ نزیک کردنەوەی سۆشیالیزم، لەگرەوی ئەوەدایە کە خەڵکی فەلەستین و کوردستان خۆیان لەدەزگای فکری و هەژمونی ئیدیۆلۆژی و سیاسەتی ئیسلامی و سەرتاپای حیزبەکانی تر جیابکەنەوە، لەژێر چەتری شوراو ئەنجومەنی خۆیاندا، بەسیاسەت و ئامانجی سۆشیالیستیەوە لەدەوری یەکتری کۆببنەوە، و نەخشە ڕێگای ڕزگاری خۆیان بخەنە بەردەم کۆمەڵگە. ڕێکخراوی فەتحی فەلەستین و سەرتاپای حیزبەکانی تر خۆیان سەرچاوەی ئەسڵی نەهامەتیەکانی خەڵکن، ئەوان لەپاڵ دۆسەیەی فەلەستینیەکاندا کەڵەکەی سەرمایە دەکەن. ژن و کچەکانی یاسر عەرەفات یەکێکن لە دەوڵەمەندترین فەلەستینییەکان کەلەپاریس لەناو ژیانێکی شاهانەدان لەسەر حسابی وەهم و خۆشباوەڕی خەڵکی فەلەستین بەم یان بەو حیزب و کاربەدەستەکانی. لەکوردستانیش هەمان شتە و زیاتر لە ٣٠ ساڵە خەڵک لەئەنجامی وەهم و خۆشباوەڕی و خۆشەویستی خۆی بۆ ئەم یان ئەو حیزبیان، بەدەستی خۆی خۆی گیرۆدەی ئەم حیزبانە کردووە و هەتا هۆش و عەقڵی خۆیشی جیانەکاتەوە لەفکرو سیاسەت و ئایدیۆلۆژی ئەوان، هەتا خۆی ڕێکخراوو یەکگرتوو نەکات هەرگیز ناتوانێت ژیانی لە ئێستای باشتر بێت.

ئەوەندەی بە حیزبە ئیسلامیەکانی فەلەستین دەگەڕێتەوە وەکو حەماسی ئیسلامی، دەبێت بڵێم سەرچاوەی گەورەی نەهامەتی فەلەستینیەکانە بەتایبەت لە بەشی غەززەدا، حەماس ئەجێنداو سیاسەتەکانی حکومەتی ئاخوندەکانی ئێران جێبەجێدەکات، هەروەکو حیزب اللەی لوبنان و حوسیەکانی یەمەن، حەماس لەسەر لاشەو برینی جەستەو ئاوارەیی خەڵکەکەی ئەژی و مەسەلەو دۆزی فەلەستین دەغیلە و سەرچاوەی مادی زەبەللاحە بۆ کەڵەکەی سەرمایە. حەماس دەست و سەرتاپای خوێناوییە بە تەقینەوە ئینتیحارییەکانی لەناو پاس و جەرگەی شارەکانی ئیسرائیلدا، بەم هۆیەوە ڕاستەوخۆ بووەتە غودەی سەرەتانی دۆزی فەلەستین. فەلەستین و دۆزی فەلەستین وەک مەسەلەیەکی سیاسی سەرچاوەیەکی گەورەی بازرگان و بزنس مانەکانی ناو هەناوی ڕەوەندی ئیسلامین لەجیهاندا و بەهۆی مەسەلەی فەلەستینەوە هەزاران مفتەخۆری ئیسلامی کردۆتە سەرمایەدار لەسەر حسابی وەهم و خۆشباوەڕی خەڵکەکەی بەئیسلامی قەومیەکانەوە. ئەوان لەسەر لاشەو کاولکاری فەلەستین و خەڵکەکەی، بەدوای کۆکردنەوەی ئیحساساتی دواکەتووی خەڵکەوەن لەجیهاندا، و دەیانەوێت لەو ڕێگایەوە هێزو نفوزی سیاسی خۆیان کۆبکەنەوە بۆ لەبەر یەک هەڵوەشاندنی زیاتری دۆزی فەلەستین و ببێتە لەمپەری ئەسڵی لەئەگەری هاتنە سەرکاری دەوڵەتێک بۆ خەڵکەکەی، کە پێم وایە لەم پێناوەدا شانسێکی ئەوتۆی نییە. سەرەڕای ئەوانەش ڕێکخراوی فەتح بەسەرپەرشتی محمود عباس و پێشتریش عەرەفات، خۆیان و حیزبەکەیان لەمپەری بەردەم دۆزی فەلەستین بوون لەدیاریکردنی چارەنوسی فەلەستینیەکان بەرەو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، هەروەکو ئەحزابی سەرمایەداری کوردایەتی، ڕێکخراوی فەتحی ناسیونالیست هیچی کەمتر نییە لە ئیسماعیل هەنیئە، و حەماسی ئینسانکوژی فەلەستین، هەردوکیان دوو ڕووی یەک دراوون و هەریەکەیان لازم و مەلزومی یەکترین وەک حیزبەکانی کوردایەتی و ئیسلامیەکان.

**بۆپێشەوە: لە هێرشەکانی ئیسرائیلدا بۆسەر غەزە و فەلەستینیەکان، نزیک بە ٢٥٠ کەس بوونەتە قوربانی، ٨٠ کەسیان منالن، لەوبارەیەوە تەعلیقتان چییە؟**

**مەحمود حەلاق:** ئەو جەنگە کۆنەپەرست و ئینسانکوژەی ئیسرائیل وەڕێی خستووە، بێگومان خەڵک کوژو ئینسان کوژە بە منداڵانیشەوە، بۆمب وموشەکە زیرەکەکانی گەورەو بچوک ناناسێت، لەماوەی چەند دەقیقەدا دەبێت لەژێر داروپەرد بۆ جەستەکان بگەڕێیت. حەماسی ئینسانکوژ لەولاوە بەمووشەک بەربۆتە گیانی هەرئەو خەڵکەی کەهەتا چەند ڕۆژ پێشتر خۆپیشاندانیان دەکرد لەدژی دەوڵەتی هارو دڕندەی ئیسرائیل لەپێناوی فەلەستینیەکاندا. بەبڕوای من ئەم کردەوە فەلەستین کوژەی حەماس لەڕێی دنەدانی ئێرانەوە لەدژی ئیسرائیل هاتۆتە پێشەوە، بۆئەوەی بەڵکو ئەمجارە لەدانوستانەکانی لەگەڵ ئەمریکا لایەکی جدی لەئێران بکاتەوە بۆ لابردنی ئابلۆقە خنکێنەرەکانی و مژدەیەکی خۆشی بداتێ، هەر ئەم کردە نامرۆییەی حەماس کە کردی بە خەڵات بۆ فەلەستینیەکان، دەبێت خەڵکی بەشمەینەتی فەلەستین لەم هاوکێشەو سیاسەتەدا باجی کاولکاری و قەتڵ و عام کردن و ئاوارەیی بداتەوە.

**بۆپێشەوە: ئەوەی کە پێی دەوترێت وڵاتانی عەرەبی کاردانەوەیان لەبەرامبەر هێرشەکانی ئیسرائیلدا زۆر لاوازە، نەبوونی کاردانەوەیەکی بەرجەستە هۆکارەکەی چییە؟ ئایا کێشەی فەلەستین تا ئەو ڕادەیە لاواز بووە کە قابیلی بەرگریلێکردن نەبێت، یان پەیوەندی بەرۆڵی سازشکارانەی دەوڵەتە عەرەبیەکانەوە هەیە لەگەڵ ئیسرائیل؟**

**مەحمود حەلاق:** ئەوەی کە پێی دەوترێت وڵاتانی عەرەبی و کۆمکاری عەرەبی، ئەتوانم بڵێم دەزگایەکە یان بەیتولمالێکە کەسەرفیترەو سواڵ و سەدەقەی تێ دەکرێت لەلایەن وڵاتانی عەرەبیەوە بۆ فەلەستین، ئەویش بۆ خەڵکە بەشمەینەتەکەی نا! بەڵکو لەپێناوی سپی کردنەوەی ڕووی دزێوی ناسیونالیزمی عەرەب کە بە ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس ئەویش کەوتە ژێر فشارێکی گەورەی کۆمەڵایەتیەوە لەسەرانسەری جیهانی عەرەب و دەرەوەشدا، و ئەو ڕەواجەی کەپێشتر هەیبوو لەساڵانی حەفتاکاندا نەیما. لەلایەکی تریشەوە وڵاتانی عەرەبی خۆیان ئێستا یارو یاوەری ئیسرائیلن و دەیان ڕێکەووتنی ئابوری و بازرگانییان لەگەڵ یەکتریدا واژۆکردووە لەپێناوی کرانەوەی بازاڕی یەکتری و ئاڵوگۆڕی بازرگانیدا. بەم هۆیەوە هیچ وڵاتێک ئامادە نییە بازاڕی خۆی بکاتە قوربانی بزووتنەوەی حەماس لەناو کێشەی فەلەستیندا لەکاتێکدا کە حەماس سیاسەت و پرۆژەو ئەجێندای ئێران بەئاشکرا دەباتە پێشەوە. هەربۆیە مەسەلەی فەلەستین ئەو گرنگیەی خۆی لەدەست داوە لەناو بازاڕی سەرمایەی وڵاتانی عەرەبیدا.

**بۆپێشەوە: کابینەی ئەمنیەتی ئیسرائیل بەسەر پەرشتی نەتانیاهۆ، ڕاگرتنی یەکلایەنی هێرشەکانی بۆسەر فەلەستین قبوڵ کرد، چۆن دەڕواننە ئەم هەنگاوەی ئیسرائیل؟**

**مەحمود حەلاق:** بەبڕوای من ڕاگرتنی تاکلایەنەی کاولکاری و قەتڵ و عامی فەلەستینیەکان لەلایەن ئیسرائیلەوە، فشاری جدی ئەمریکا و پاڕانەوەی ئەورووپا بوو لەپێناوی گەورە نەکردنەوەو تەشەنە نەکردنی شەڕی نێوان ئامریکا و ئێران لەناوچەکەدا، ئەوەی کە ئیسرائیل مەبەستی بوو لەتێکشاندن و گێڕانە دواوەی حەماس لەچەند ڕۆژێکی کەمدا کردی، ڕوخاندنی چەندین تونێلی ژێر شاری غەزە بەرە و حیزب اللەی لوبنان، تیرۆرکردنی چەندین سەرو کەللەی گەورەی حەماس، وێرانکرنی بەشێک لەبونیەی تەحتی غەزە بەقیمەتی زیاتر لە ٤٠ ملیار دۆلار، سەرخەتی ئەو ئامانجانە بوون کە ئیسرائیل لەکورترین ماوەدا جێبەجێی کرد. بەم پێیە حەماسی بۆ چەندین ساڵ لەهێز بردە دواوە و لەم ڕاستایەشەوە حەماس نەک هەر ناچێتە پێشەوە و کڕیاری تری بۆ پەیدا نابێت، بەڵکو بەهۆی جێبەجێکردنی ئەجێندای ئێرانەوە حەماس هێندەی تر کێرڤی دەچێتە خوارتریشەوە و درەنگ یان زوو ئەم سیاسەتە ئیسلامیە ئێرانیەی حەماس لەباری کۆمەڵایەتیەوە بەهای زیاتری خۆی لەدەست ئەدا.

## درێژەی... خۆڵەمێش

شانۆ و وتی: ها کوڕی کەر دەتەوێ نیشتمانەکەمان گڵاو کەی؟

بێباک: ئەوە تۆ دەڵیی چی من کورێ کەر نیم لەسەرەتاوە خۆم ناساند من کوڕی ئەبووبەکر و فاتیمەم لێشت قبوول ناکەم بەم شیوە لەگەڵ من هەلسووکەوت بکەی، جەماوەر کردیان بە چەپڵە و هەراو کابرایان لەسەر تەختەی شانۆ هێنایە خوارێ.

بێباک: سپاس بۆ هەڵوێستان، ئێوە نیشانتاندا کە دەتوانن پاڵپشتی یەکتری بن گەر ورەی ئێوە نەدەبوو، ئەو کابرا منی دەکوشت، یەکگرتنی ئێوە ئەمرۆ سەلماندتان کە چارەنووسی دوا رۆژتان، بەس بە هێزی خۆتان دیاری دەکرێ، پێویستە درێژە بە باسەکە بدەم؛ بابەتێکی تر کە پێم باشە ئێوەی لێ ئاگادارکەمەوە، ئەوەیە کە، لەم هەرێمە خەڵکانی تریش لە پارچەکانی تری کوردستان ژیان دەکەن، هەر لەپەنابەر بگرە هەتا ئەو کرێکارانەی کە بۆ کار هاتوونەتە ئێرە، قەرارە لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەروەها رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان یارمەتی و کار ئاسانی بۆ ژیان و گوزەرانیان بکرێت، ئەو پەنابەرانەی کە زیاتر لە سێ ساڵ لەم هەرێمەن بە زووترین کات بۆ وڵاتی سێهەم بە رێ دەکرێن

دووبارە چەپڵەرێزان هۆڵەکەی داگرت، بەدەم چەپڵەرێزان سێ میدیاکار بە کامێراکانیانە وە هاتنە تە ختە ی" شانۆ:

یەکەم میدیاکار : دکتۆر چ هەستێکت هەیە؟

بێباک: بەدەنگی بەرز پێدەکەنی هەستێکی خۆشم هەیە بەم زوانە دوکتۆراکەم تەواو دەکەم. دووهەم میدیاکار: خەڵکی کام وڵاتی؟

بێ باک: هاهاهاها من ئینگلیزی قسە ناکەم منیش وەک تۆ کوردم، ڕاستی مەگەر تۆ، من بە هاونیشتمانی خۆت نازانی؟

بەو نیشتمانە شتێکم بیر هاتەوە( ئەرێ بەڕاست ئێوە لەم نیشتمانەی خۆتان چەندە ئاسوودەن، ئەزانم هیچ لاریەکتان لەم دەسەڵاتە نییە، بەڵام حەزم کرد لە زمانی خۆتانەوە ببیسم، ئەو کچە گەنجە، بە ئاماژەی دەستی؛ ئائا تۆ!

تۆ لە سیماتا دیارە زۆر بوێری، رەنگە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و هەروەها کرداری دەوروبەرت وای کردبێت کە هەست بە ئازادی و بەختەوەری بکەی لەم کۆمە ڵگەیە ( ئازادی ئازادی! جارێکیان لە پارکی ئازادی کچ و کوڕێکم بینی دەمیان لەناو دەمی یەک خستبوو، یەک تاقە بەشەر سەیری ئەو کوڕو کچەی نەدەکرد، تەنیا من نەبێ ئەتگوت هەر بەشەرم نە دیبوو، لە ڕاستییدا تا ئەو ساتە دیمەنی وا سە یرم نەدیبوو( دەم و پلی دەڵێستێتە وە) بە دەنگی بەرز

ئاە ئاە . ... بەخوا منیش خوێڕیم، ئاخر سەقافەتی دکتۆر دەبێ وابێ

میدیاکارەکان گەمارۆی شانۆکارەکەیان داوە، دەتگوت شەڕە عەشیرەیە

میدیاکاری سێهەم: ئاخر تۆ باسی ئەوەت کرد کە لە وڵاتێکی ترەوە هاتوی

بێباک: بە تووڕیەوە، بۆ تۆ چ جیاوازێکی هەیە من لە کوێ هاتووم، ئەتەوێ چی بەمن بڵیی؟

میدیاکاری یەکەم: بەختەوەری چۆن پێناسە دەکەی؟

بێباک: ئەرێ باشە ئێوە بۆ تە حقیق هاتوون، یان بۆ سەیری شانۆ، هەست دەکەم لە زمانی ئەدەب نامۆن، دە لێم گەڕێن با دەورەکە تەواو کەم، باسی بەختەوەری دەکەی، من هێندە بەختەوەرم، زۆرجار بەدەست بەختەوەریەوە گیرم خواردوە، ئەوەتە من دوو رۆژی تر دەبم بە دکتۆر، پێتان سە یر نەبێ کە شانۆ کارم!

تۆش دەبێت دەوری ژیان بگێڕی، بیستوومە سەرۆکی هەرێم بڕیار وایە دەوری مامۆستایێک بگێڕێ، ئەو مامۆستایە کە چەن ساڵ لەمەوبەر، تێر شەقیان کرد، سەرۆکی هەرێم، ئاخر چۆن هەست بە بەختەوەری ناکەم، ژیان خەریکە بە ئاراستەیەکی تر خۆی دەگۆڕێ، بەڵام نەسیحەتێکم بۆ سەرۆک هەیە، پێش ئەوەی بێتە سەر شانۆ، ئاگای لەگەڵ و قوونی بێت ئەگەر بۆی کرا برێک ئاسن بە خۆیا هەڵواسێ، لەبەرئەوەی دەورەکەی زۆر قورسە، ئەرێ قورسە، قورسە

دەس بە قوونیەوە دەگرێ و هەست بە ئازار دەکات.

(پەردەی دووەم)

تەختەی شانۆ تاریکە

دوای چەن ساتێک ڕووناکییەک دەردەکەوێ

گڕ، گڕ، بێباک هەڵدێت

بێباک: ئای هاوار ئای هاوار، فریام کەون، بەدەم ئازارەوە، دەناڵێنێ و روو بە جەماوەر دەڵێ: من پەشیمانم واز لە دوکتۆری دێنم، لە کاتێکدا کە هەناسە دەدات ،دەڵێت: من دەبم بە ئاگر کوژێنەوە

دەنگی سەیارەی ئاگر کوژێنەوە، تەواوی هۆڵەکە دادەگرێ

تەختەی شانۆ تاریک دەبێت، مشتێک "خۆڵە مێش" هۆڵێکی چۆڵ، هەر دەڵیی لەسەرەتاوە کەسی لێ نەبووە.

## درێژەی دوا وتە

دەوڵەتانەی سەرچاوەی یاساکانیان و دەسەڵاتەکانیان مەزهەبی یان تیکەڵاو بە دینە، دۆزەخی واقعی بۆ مناڵان داخراوەو جەستەی ناسکیان دەکاتە قەرەبروت. لە وڵات و شوێنی وەکو عیراق و کورستاندا، بەشێکی زۆری منالانی چین و توێژە نەدارەکان ئەو توێژەن، کە لە خوێندن و پەروەردە بێبەشن، ئەوانەشی شانسی چوون بۆ قوتابخانەیان هەیە، لە ژوری بچکۆلەدا ٣٠، ٤٠، ٥٠ قوتابی مۆڵ دەکرێن، سێ شفت دەوام هەیە بەهۆی نەبوونی بیناوە. نەهجی خوێندن قورس و ترس ئامێزو دواکەوتوانەیە، شوێنی یاری و وانەی سەرگەرمی کەمە. لە زۆر لە قوتابخانەکاندا ترس و چاوسورکردنەوە هەیە، تەنانەت لێدانیش ماوە. وە بەشێکی زۆری منالان بەهۆی سەختی ژیانەوە دەخرێنە ناو بازاری بێرەحمی کاری پیشەییەوە، لێدان و ئازاردان لە ماڵەوە بۆ قوتابخانە، راستیەکی حاشاهەڵنەگرە. تیکەڵ بەکاری سیاسی دەکرێن و ژمارەیەکی زۆریان تیکەڵ بە خورافەی دینی دەکرێن،... مزگەوت بۆ کوران و و حجاب پۆشی بۆ کچان هەیە... لە قوتابخانەکاندا لەیەکتری جیادەکرێنەوەو نامۆ بەیەکیان دەکەن، یاری کوڕانەو کچانە هەیە، بە ئاگرو دوپشکی جەهەنەم دەرترسێنرێن و وانەی دینیان پێ دەوترێتەوە... بەکورتیەکی لە ژیانێکی تا بڵێی دژواردا راگیراون. لە جیاتی ئەوەی گەورەکان گوێ لە منالان و خواستەکانیان بگرن، بە منالان دەڵێن گوێرایەڵ بن. منالان وەک ئینسانی تەواو تەماشا ناکرێن، بە پاساوی ئەوەی کە لەشت تێناگەن راستییەکانیان پێناوترێت و هەوڵدەدرێت شتگەلێکی زۆریان لێ بشارنەوە. ئەم هەلومەرجە رێگە لەوە دەگرێت منالان لەزەت لە ژیانی منالانەی خۆیان ببەن... رێگە لەوە دەگرێت منالان خاوەن ئیرادەی سەربەخۆ بن و توانایەکانیان دەربخەن، بێ مافەکانیان هێندە زۆرە نەوە لەدوای نەوە منالی شەرمن لە دڵی کۆمەڵگەدا، بەدوای یەکدا دەهێنرێن. منالانی بێ دایک و باوک، یان بی سەرپەرشتی خێزان... دەوڵەت بەرپرسیاریەتی ژیان و گوزەرانیان هەڵناگرێت و ناچار بەوە دەکرێن خۆیان بەرپرسیاریەتی خۆیان و ئایندەیان لەسەر خۆیان بێت. نەک هەر بەد کەڵی سیکسیان بەرامبەر دەکرێت، بەڵکو کچانی تەمەن نۆ ساڵ لەلایەن رەوتە ئیسلامیەکان و لەسەر سونەتی محەمەدی ئیسلام رێگەپێداروە لە ٩ ساڵیدا بەشو بدرێن!! ئیغتیسابی شەرعی... بکرێن. هێشتا کچانی خوار تەمەنی باڵق بوون بەزۆر بەشو دەدرێن، بەڵی ئەمەیە حاڵی منالان لە شوێنی وەکو عێراق و کوردستاندا...

دیارە بەرپرسی سەرەکی ئەم ژیانە جەهەنەم ئاساو نابەرابەرو زاڵمانە و بێمافییە هەمەلایەنەیەی منالان، بەجیا لە دین و کاریگەری رەوتە کۆنەپەرست و ئیسلامیەکان، دەسەلاتی سیاسییە... دەسەلاتێکە کە باکی بە ئایندەی نەوەکانی خۆیی نییە و دەیەوێت هەموو کۆمەڵگە بە منالانیشەوە بخاتە خزمەت قازانج پەرستی و مانەوەی دەسەلاتی زاڵمانەو دڵرەقانەی خۆیەوە...

ئەو هەلومەرجەی منالان قابیلی قبوڵ نییە. بەرەی ئینسانی ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازو لایەنگرانی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا لەبەرامبەر بەو دۆخە بەئاگان و پێویستە لە چوارچیوەی خەبانی خۆیاندا بۆ باشترکردنی ژیانیان، پرسی منالان بکەنە پرسێک بەرەو چارەسەر و بەیاسایی مافەکانی منالان بسەپێنن بەسەر دەسەلاتدا. با یادی جیهانی منالان بە دروستکردنی ژینگەیەکی پر ئالاو والاو رەنگاو رەنگ و بەرەسمی ناسینی مافەکانیان بەرز رابگرین.


2021-6-1

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خوێندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
هەژیر نیا، سەردار عەبدوڵا، ئاراس رەشید، عبدالرحمن رەسوڵ، عەبدوڵا مەحمود، هیوا ساڵح، کاوان قادر، هەتاو عەبدوڵاهی، خالید بایەزیدی، کەژاڵ خدر، حەکیم میرزا، سەردار عەبدوڵا حەمە...

لەگەڵ دوو دیمانەی تایبەت سەبارەت بە"ڕۆژی جیهانی منداڵان و کێشەی فەلەستین"



## چەند شیعری کرێکاری/ خالید بایەزیدی(دلیر)


1-
کرێکارێک!
هەتاکو و دوا ساتەکانی ژیانی
ئێش و ئازاری
بەکۆڵەوەیە
2-
بیرلە کرێکاران دەکەمەوە
کە هەتاکو و ئەژین
لەگەڵ ئێش و ئازار ئەخەون
وە لەگەڵ ئەوانیش هەڵدەستن
هەتاکو ئاسۆیەکی روون
بۆ سەرمایەداران بەدیاری بێنن
وە ئاسۆیەکی تاریکیش بۆ خۆیان
ئای چەندە فیداکارن کرێکاران؟!
3-
کرێکاران!
بەهێزکردنی سەرمایەداران
سەرمایەداران
بێ هێزکردنی کرێکاران
4-
بەردەوام کرێکاران
لە نێوان دوو خەمدا ئەژین
خەمێک کە ئێشیان دەست نەکەوێت
خەمێکی تریش کە...
ئای نەبادا...!
ڕۆژێک لە بینایەکی بەرزەوە
بکەونە خوار و
هەرگیز ! نەتوانن
پەلە هەورە سپییەکان
بۆ منداڵەکانیان
ببەنەوە؟!
5-
کە نووسیم:
کرێکار
پێنووسەکەم
خەم دایگرت و وتی:
مەرەکەبەکەم
هەرگیز!
تاقەتی نووسینی ئەو هەموو
ئێش و ئازارەی نییە
تەنیا بە دڵۆپ... دڵۆپ فرمێسکەکانی
نووسی:
کرێکار...یانی: ئێش و ئازار
لەسەر سێبەری سەرمایەدار
6-
کرێکار!
لە ژیان دا...
هەر بۆ نان ئەژی
هەربۆیەش هیچ کات
بیرلەژیان ناکاتەوە
نە ژیانیش ئاوڕێکی لێیدەداتەوە؟!
ئای ژیان و کرێکار
چەندە بەیەک نامۆن
7-
ئای!
من و نان
لە نەزمی نوێی جیهانیدا
هەرگیز...
بەیەک ناگەین
کاتێک کە نان هەیە
من نیم...
کاتێکیش کە من هەم
نان نییە
8-
لە بینایەکی بەرزەوە
کە ڕوانیمە شار
دیتم:
ئای... بە ئارەقەی کرێکار
چەندە شارەکان
گەورە بوونەوە
بەڵام!
ماڵەکەی خۆشم بچوک
9-
ئامێرەکان
هاواریان دەکرد
ئەگەر زانی بایەم
بۆ چەوسانەوەی کرێکاران
بەکارم دینن
هیچ کات...نەدەبووین
بە " ئامێر "
10-
بێگومان!
ئەگەر کرێکاران
مافی خۆیان
پێ درابا
ئێستاکە گشت
کۆمپانییەکان
شکستیان پێ هاتبوو
11-
کرێکاران
وەک کتێبەکان وان
هیچ کەس نییە
بیان خوێنێتەوە
هەر بۆیەش
بەردەوام توزیان
لێ نیشتووە
12-
لەمەیدانی کار
وەستاوم
تەنیا بوونی خەیاڵی نان
هەڵدەمژم
وە بەمژمژەی دەم
هەناسەی ژیان
بە دژواری هەڵدەمژم
جگەرەیەک دادەگیرسێنم
چاوەڕوانی کەسێکم
کە بەشکوو بێت و
ئەمڕۆش وەک دوێنێ...
بۆ پارووە نانێک
بمچەوسێنێتەوە

## دوا وتە

# منداڵان زوڵملێکراوترین بەشی کۆمەڵگەن!

**نووسینی: عەبدوڵا مەحمود**

پێویست بە بەڵگە هێنانەوە ناکات، کە لە کۆمەڵگەی چینایەتی ئێستادا، منداڵان بێبەشترین و ستەملێکراوترین توێژی کۆمەڵگەن. ڕاستە ستەم و نابەرابەری، هەلاواردن و هەژاری، بێکاری و گرانی، دەبیان دەردو موسیبەتی تر یەخەگیری چینی کرێکار و توێژە بێبەشەکانە، بەڵام لەناو کوورەی ئەم نابەرابەرییە و ستەم و زوڵمە سیستماتیک و بێ پەروایەدا، منداڵان زوڵملێکراوترین بەشی کۆمەڵگەن. ئەگەر کرێکاران و کارمەندان، لاوان و ژنان، زوڵمیان لێدەکرێت و مافیان پایماڵ دەکرێت، بەڵام توانای بەرگری لەخۆکردنیان هەیە.



لەکاتێکدا منداڵان بەتایبەتی لە خێزانە کەم دەرامەت و هەژارەکاندا قوربانی یەکەمی ژیانی مەمرەو مەژین، لەوەش واوەتر منداڵان بەهۆی منداڵ بوونیان توانای بەرگری لەخۆکردنیان نییە و پێویستیان بە پارێزبەندی و چاودێری گەورەکان و یاساو ڕێسایە، کە پارێزگارییان لێبکات.

ئەگەر لە بەشێک لە وڵاتانی دنیادا، تا ڕادەیەک مافی منداڵان بە فەرمی ناسراوەو دەوڵەت و یاسا بەرگری لە ماف و داخوازییەکانیان دەکات. هەرەشەو لێدان و سوکایەتیکردن پێیان یاساغە، کارکردن و بەدکەڵک وەرگرتنی سێکسی و بەکارهێنانیان لە ریزەکانی سوپاو...تاد، بەیاسا قەدەغەکراوە، وە بێگویدانە هەلومەرجی خێزانیان لەڕووی مافەکانەوە، مافەکانیان پارێزراوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەزوربەی هەرەزۆری دنیادا، هێشتا منداڵان لەسەرەتاییترین مافی منداڵی خۆیان نەک بێبەش کراون، بەڵکو هاوکات کارکردن بە منداڵان، هەرەشە و چاوسورکردنەوەو لێدان و ئازاردان، بەکارهێنانیان لەسوپا و جەنگدا، تا دەگاتە بەدکەڵک وەرگرتنی سیکسی و گرتنە ئەستۆی بژێوی خێزان... ڕاستیە شەرمئاوەرەکانی دنیای ئەمرۆن.

لە وڵاتانی دواکەوتوو، لەو

بۆ لاپەرە 15

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆشیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی ئێراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی... بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری ڕاستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێک کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەک وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەک و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژوورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی...

نێتمە... وصڵی فایلپیسی لەخۆم دەردەکەم

